گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مافی بڕیاردان لەچارەنووسی گەلان و ئەزموونەکانی ڕیفراندۆم وەک نموونە

**پ. د. سلێمان عبدالله إسماعيل**
بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق
sulaiman.ismail@su.edu.krd

**م. ساسان حکمت علی**
بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان ،عێراق
arminsasan@gmail.com

## پوختە

مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان لە ڕۆژگاری ئەمرۆماندا بۆتە مافیکی بنچینەی کەوا کۆمەڵگای نێو دوولَەتی لەسەری ڕێکەوتوون بە تایبەت پاش دەرکەوتنی جولَانەوەکانی رزگار خوازی گەلان کە هەر هەموویان داواکاری رزگاری و سەربەخۆیان هەلگرتووبوو.هەر ئەمەش بووە بەڵگەیەك بەدەست ئەم گەلانەوە تاکوو شەرعیەت بدەنە شورش و بەرگری دژی داگیرکەرانَ. بەڵام پاش ئەوگۆرانکاریيانی جیهان بە خۆیەوە بینی ئامانجی مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەرگری داگیرکەرانەوە گۆڕا بۆ جیابوونەوە لە دەوڵەتی دایك و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخو بۆ ئەو گەلانەی ژێر دەستەبوون و هێشتا خاوەن دەوڵەت نەبوون و بۆ ئەوەی ئەم مافە بەشێوەیەکی ئاشتیانە بگاتە ئەنجام و هیچ لایەك زەرەر مەند نەبێ شێوازی ڕیفراندۆمی سەربەخۆییان هەلبژارد وەك یەکی لەرێگا ئاشتییەکان بۆ گەیشتن بەمافەکانیان . ئێمە لەم باسەدا چەندها نموونە باس دەکەین تێدا گەلان لە سەر سندوقەکانی دەنگدان چارەنووسی خۆیان دەست نیشان کرد. هەر بۆیە لە بەر گرنگی ئەم بابەتە و لە سەر بنەمای ئامانجەکانمان پلانی توێژینەوەکەمان دابەش کردووە بۆ تەوەرەکانی 1- پێشەکی 2-پێناسە و چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس 3- مافی بڕیاردانی چارەنووس بە پێی پرەنسیپ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان 4-ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانی

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٣١
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/٢١
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*The Right Of Self Determination, International Conventions, The Experience Of Country, Referendum.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.10

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەربەخۆیی لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان .لە کۆتاییدا توێژینەوەکەمان گەیشتوەتە چەند ئەنجامێک، هەروەها چەند ڕاسپاردەیەکیشمان خستوەتەڕوو بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەمان.
کلیلی وشە : مافی بڕیاردانی چارەنووس ، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان ، یاسای نێودەوڵەتی ، ڕیفراندۆم ، ئەزموونی دەوڵەتان .

## 1.پێشەکی:

مافی بڕیاردانی چارەنووس هەڵقوڵاوی یاسای نێودەوڵەتی عورفی یە لە ئێستادا بووە بە پرەنسیپێکی جێگیر و چەسپاو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی دا و مافێکی یاساییە بۆ هەموو نەتەوە و گرووپێک بەبێ جیاوازی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دا ، پرەنسیپی مافی نەتەوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسیان وەک پرەنسیپێکی یاسای نێودەوڵەتی گشتی هاوچەرخ لە دەستووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و ئەو جاڕنامە و ڕێککەوتننامانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەلان و مافەکانیان دەریکردووە جێگیرکراوە ، لە پاش ئەوە بووە بە مافێکی گەوهەریی یاسایی و پێشێلکردنیشی بە مانای نکۆڵیکردن دێت لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی ئاشتییە لە جیهاندا.

### 1-1ئامانجی توێژینەوە

ئامانجی توێژینەوەکە, دەرخستنی گرنگی و ڕۆڵی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسە لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە بۆ گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی چارەنووسیان و دامەزراندنی دەوڵەتان.

### 1-2گرفتی توێژینەوە

گرفتی توێژینەوەکە خۆی لەوە دەبینیتەوە ئایا پرۆسەی ڕیفراندۆم وەک هەڵبژاردەی چارەسازی ڕۆڵی هەبووە لە لەیەکلاکردنەوەن چارەنووسی ئەوگەلانەی ئە م پرۆسەیان جێبەجی کردوە لە جیهان.

## ٢- پێناسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس:

مافی بڕیاردانی چارەنووس چ لە ڕووی سیاسی یاخود یاساییەوە ، وەک هەر چەمکیکی تر چەند پێناسەو ڕاڤەی جیاوازی بو کراوا بەپێی کات وسەردەمەکە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانین هەندێک لەوانە بخێنە بەر باس وخۆاز بونموونە( لە ئینسکلوپیدیای بەریتانی دا هاتووە ، پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس واتای ئەوەیە (هەموو گەلێک مافی دەستنیشان کردنی ئازادانەی حکومەت و سیستەمی سیاسی و شارستانی خۆی هەیە کە لە گەڵ پێویستیەکانیدا بگونجێت). (Britannica,Concise Encyclopaedia,2006 ,p.1717)

کەواتە دەتوانین بڵێن مافی بڕیاردانی چارەنووس ، مافی هەموو نەتەوەیەکە قەوارەیەکی سەربەخۆی هەبێت و خۆی بڕیار لە سەر کاروباری خۆی بدات . مافێکە هاوڵاتیانی نیشتمانێک بە هۆیەوە چارەنووس و بەها سیاسی و یاساییەکانی نیشتمانەکەیانی پێ دیاریی دەکەن .

### 2-1چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس :

دەستەواژەی مافی چارەنووس لە دەستەواژەیەکی ئەڵمانی (sebstbestimmuit) وەرگیراوە و فەیلەسوفە ڕادیکاڵیەکانی ئەڵمان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەکاریان دەهێنا . (Miller,1996,p.926)

لە زمانی ئینگلیزی دا (Right Of Self Determination) بە مانای ئەو مافە دێت خۆت بڕیاری لێ دەدەیت لە سەر چارەنووس و ژیانی خۆت . جا هەر شێوە و فۆرمیک وەربگرێت لە چۆنێتی خۆبەڕێوەبردن ، یان بریتیە لە مافی خەڵک بۆ دیاریکردنی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیان ، لەو چوارچێوەیەی تێدا دەژین.(خرازیان ،1386 ، ص9) . لە زمانی عەرەبی وشەی ماف بە مانای (حق) دێت ، واتە مافەکە هی خۆتە و هەر خۆشت مافی ئەوەت هەیە چۆن بڕیاری لێ بدەیت . لێرەدا دەتوانین بڵێن ماف جێبەجێکردنەکەی ئیلزامیە و یاسای نێودەڵەتیش مافی بریاردانی چارەنووسی بە مافێکی جێگیر و چەسپاو داناوە. چارەنووسیش بە مانای (المصیر) دێت ، ئەم دەستەواژەیە لە ڕووی سیاسەتی نێودەوڵەتی و زانستی سیاسی زیاتر بۆ هەر کۆمەڵە و گروپێکی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی بەکاردێت . کە خاوەن تایبەتمەندی و ناسنامە و کولتووری خۆی بێت . وەک نەتەوە یان گروپێکی ڕەگەزی جیاواز لە نەتەوەی تر ، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئازادی و دەسەڵاتی تەواو بە بێ ئەوەی هیچ نەتەوە و دەوڵەتێکی تر مافی ئەوەی هەبێ ڕێگای لێ بگرێ یاخود بەربەستی بۆ دروست

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بکات لە بەکارهێنانی ئازادیدا و لە مامەڵەی سەربەخۆی خۆیدا جا لە هەر شێوە و فۆرمێکدا بێت (مولود ، 2017 ، ل 36). لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە چەمکی (ماف) لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، و چەمکێکی ڕێژەییە، چونکە ئەوەی تۆ بە مافی خۆتی دەزانیت ، لەوانەیە بەرامبەرەکەت بە پێشێلکردنی مافی خۆی دابنێت .

**2-2کورتەیەکی مێژووی لە سەر مافی بڕیاردانی چارەنووس:**

چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس لەو مافانەیە کە ڕەگێکی مێژوویی هەیە ، بیروڕاکان جیاوازن لە ڕووی دیاریکردنی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی . ئەم مافە بە درێژایی مێژوو بە یەکێک لە مافە سرووشتییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دانراوە ، لەم بوارەدا و بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگا جیاوازەکان دا هەمیشە مرۆڤە بێهێزەکان لە بەرامبەر بەهێزەکان لە دەست گەیشتن بەم مافە بێبەشبوون و ڕەفتاری جیاکارییان بەرامبەر کراوە ، تا ئەو کاتەی ڕۆمەکان بەهێز و خاوەن دەسەڵات بوون نکۆڵیان لە مافی چارەنووسی نەتەوەکانی دیکە دەکرد .(لالیمی ، 1395 ، ص63) لە شارەکانی یۆنانی کۆن وەکوو (ئسپارتا) و (ئەسینا) پرەنسیپی مافی چارەنووس لە ئاستێکی ناوچەیی دا بەکارهاتووە لەو کاروبارانەی پەیوەندیان بە سیستەمی شارەکانەوە هەبووە (الجبیشی ، 1967 ،ص29) ، پەیدابوون و بڵاوبوونەوەی زاراوە و چەمکی مافی بڕیاردانی چارەنووس دەگەڕێتەوە بۆ کۆتا چارەکی سەدەی هەژدەم لە جاڕنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە( 1776/7/4 ) و لە جاڕنامەی هاوڵاتی فەڕەنسی لە ساڵی (1789) ئاماژەی پێکراوە. (ڕێکانی ، 2014، ل17) ، سەرۆکی ئەمریکی (جیمس مۆنرۆ) لە ساڵی ( 1823 ) ڕایگەیاند ئەو دەوڵەتانەی کۆڵۆنی ئیسپانیا و پۆرتوگالن مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان هەیە . پرەنسیپی مۆنرۆ ئامانجی نەهێشتنی دەستوەردانی ئەورووپی لە کاروباری ناوخۆی ئەمریکا .(نومان ، 2016 ، ص163)

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئامانجی مونرۆ ئەوە بوو دژایەتی ئەمریکا بۆ بەردەوامی داگیرکەری کۆڵۆنیالیزمی جیهانی نوێ ڕابگەیەنێ . شۆڕشی بەلشەفیش لە ئۆکتۆبەری ساڵی ( 1917 ) لە (ڕاگەیاندنی ئاشتی) بڕیاری لە سەر مافی چارەنووسی نەتەوەکانی ئیمپراتۆریەتی ڕوسی دا . (سۆفی ،2016 ، ل161) گشت دەستورەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشووش لە ساڵی (1918)وە لە سەرووی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەموویانەوە دەستوری ساڵی (1936) ئەو مافەی بە کۆمارەکان داوە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن .(وهبان ، 1998،ص 478)

هەرچەندە لینین و بەلشەفیەکان بیرۆکەی مافی چارەنووسیان وەکوو چەکێکی سیاسی گرنگ بۆ ڕزگار کردنی جیهان لە ئیمپریالیزم و دیموکراسی و سەرمایەداری بەکارهێنا بەڵام نیەتی ڕاستەقینە بڵاوبوونەوەی سۆسیالیزم بوو ، تێیدا مافی چارەنووسی نەتەوەیی بەزۆری وەک ئامرازێکی پڕوپاگەندە بەکاردەهێنرا. Charlampowicz,2016,p.29، ودورو ویلسون سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە وتارێکی دا لە بەردەم کۆنگرێسی وڵاتەکەیدا لە (22)ی کانوونی دووەمی ساڵی (1917) دا دەڵێت (ئاشتی هەمیشەیی ناهێتەدی بۆ ئەو حکومەتانەی دان بەم پرەنسیپە دا ناهێنن).(حاجی ، 2003 ، ل31) هەروەها ویلسون سەروەریی نەتەوەیی بە تاکە بنەمای گونجاو و ڕاستی ئاشتی جیهانی داناوە . ئەلفرێد کۆبانیش پێی وابوو ویلسون بیرۆکەی حکومەتێکی جیهانی ڕەت دەکردەوە و لە بەرامبەر ئەوە دا پیێ وابوو بڕیاردان لە مافی چارەنووس و سەروەری نیشتمانی تاکە بناغەی ئاشتی جیهانییە وئەم پرەنسیپەی بە یاسایەکی نوێی ژیانی دانا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا . (THRONTVEIT,2011,p.447) ئەم مافە لە نێو ئەو (14) پرەنسیپە دا هەیە کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (ویلسون) لە دوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم رایگەیاند ، بە (پرەنسیپی ویلسون) ناسرا . خاڵی دوانزەهەمی ئاماژە بە سەربەخۆیی نەتەوەکانی ژێر دەستی عوسمانی کراوە کە کوردیش یەکێک بووە لەو نەتەوانە.( heater , 1994 , p.37 )

جەنگی جیهانی دووەم گۆڕانکاری گەورەی لە سیستەمی جیهانی دا کرد ، هەریەک لە سەرۆکی ئەمریکی (رۆزڤلت) و سەرۆک وەزیری بەریتانی (چەرچڵ) لە ساڵی (1941) میساقی ئەتڵەسی یان دەرکرد و ڕێککەوتن لە سەر ئەوەی گۆڕانکاری هەرێمی دژی ئارەزووی نەتەوەکان نەکرێت و مافی هەڵبژاردنی شێوەی دەوڵەتەکانیان هەبێت .(مصطفى ،2019 ، ص67) دەبێ ئاماژە بەوە بکەین پرەنسیپی مافی چارەنووس لە ڕێسایەکی عورفیەوە هەنگاوی نا بۆ رێسا و یاسایەکی نووسراو و بنەمای نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە سەر ئەوە دروست بوو .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3.مافی بڕیاردانی چارەنووس بە پێی پرەنسیپ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان:

پرەنسیپە نێودەوڵەتیەکان وەکوو پرەنسیپەکانی شۆڕشی ئەمریکی (1776) ، لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا لە( 1776/7/4) دا هاتووە (ئێمە بڕوامان وایە ئەم ڕاستیانە شتێکی بەدیهێنن ، مرۆڤەکان هەموویان یەکسان خوڵقاون ) ، لە ساڵی (1796) سەرۆکی ئەمریکا جۆرج واشینگتۆن ڕایگەیاند بە جۆشترین ئاواتەکانی، هەڵکردنی ئاڵای ئازادیە لە لایەن نەتەوە چەوساوەکانی جیهان. (miller,1996,p.927) هەروەها سەرۆکی ئەمریکا (مۆنرۆ) لە ساڵی (1883) ئاماژە بە مافی گەلان دەکات بۆ ڕزگار بوون لە دەستی ئیمپریالیزم. شۆڕشی فەڕەنسیش لە ساڵی( 1789 )، پشتیوانی و هاوکاری خۆی بۆ ئەو گەلانە ڕاگەیاند کە دەیانەوێت ئازادی خۆیان بگێڕنەوە .(عودة، 2020، ص 350) ، ماددەی دووەمی بانگەوازی شۆڕشی فەڕەنسی دەڵێ (هەموو گەلان خاوەن حاکمیەتی خۆیانن و سەربەخۆن لە پەیوەندیان دا لەگەڵ گەلانی تر بێ ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتوان و ڕووبەری هەرێمیان، هەروەها ماددەی سێیەمیشی دەڵێت هەموو گەلێک خاوەن مافی حاکمیەتی خۆیەتی لە نیشتمانی خۆیدا ).(جەمال ، 1983 ، ل4) پەیماننامەی کۆمەڵەی گەلانیش هەرچەندە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەکردووە بەڵام لە ماددەی (22) چارەسەری لە ڕێگەی سیستەمی ماندێت کردووە بۆ ئەو ناوچانەی دانیشتوانەکەیان ناتوانن لە سەر پێی خۆیان ڕاوەستن لە لایەن وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە ئیدارە دەکرێن تاکوو دەگەنە ئەو قۆناغەی کە بتوانن خۆیان بەڕێوەببەن. (Pedersen , 2015 , p.1) کۆنفەنسیۆنی مۆنتەڤیدیۆش وەها پێناسەی مافی چارەنووسی کردوە (مافی چارەنووس واتە ئازادی و سەربەستی هەموو خەڵکان و گەلان بۆ بڕیاردان لە سەر ڕژێمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانی خۆیان. ئەمە هەردووکی واتە مافی بە کۆمەڵ و تاکەکەس لەبەر دەگرێت، مەبەستیشمان لەگەل لێرەدا دەتوانرێت هەر کۆمەڵێکی دیاری ئێتنیکی و نەتەوەیی و زمانی و کەلەپووری و ئایینی بێت)[1] .(موفیدی ، 2018 ، ل7) مافی بڕیاردانی چارەنووسیش یەکێکە لە گرنگترین پرەنسیپە ئاڵۆزەکانی یاسای نێودەوڵەتی نوێ لە ڕووی پیادەکردنیەوە . (Beitz,2000,p.93) ، پاش کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئەم پرەنسیپە لە سروشتە سیاسیەکەیەوە گۆڕا بۆ بنەمایەکی

[1] کۆنفەنسیۆنی مۆنتەڤیدیۆ لە سەر ماف و ئەرکی دەوڵەتان لە چوارچێوەی هەڤدەهەمین کۆنفرانسی نێودەوڵەتی وڵاتانی ئەمریکی لە ساڵی (1933) لە شاری مۆنتەڤیدیۆ لە ئۆرۆگوای بەسترا.

یاسایی، دوای ئەوەی دەقنووس کرا لە دەستوورنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەبینرێ بە شێوەیەکی ڕوون ئاماژەی پێ دەدەین:

1- لە دیباجە و برگەی دووەمی ماددەی یەکەم کە دەڵێ (گەشەپێدانی پەیوەندی دۆستانەی نێوان نەتەوەکان دەبێت لە سەر بناغەی ڕێزگرتن لەو پرەنسیپانە بێت کە داوای یەکسانی تەواو لە نێوان گەلان دا دەکات بەوەی هەر یەکەیان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێت ). لە دەقی ماددەی پەنجاوپێنجی ئەم دەستوورنامەیە دیسان ئاماژەی پێ کراوە و دەڵێ(خواستێکە لە ئامادەکردنی سەقامگیری و خۆشگوزەرانی کە پێویستین بۆ بەرپا کردن و دروستکردنی پەیوندی دروست و تەبا لە نێوان نەتەوەکان دا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لەو پرەنسیپەی داوای یەکسانی دەکات لە نێوان گەلان دا، بەوەی هەر یەکەیان مافی بڕیاردانی لە سەر چارەنووسی خۆی هەبێت). (معروف، 2018، ل44) لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین لە دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دەستوورنامەکەی دا مافی بڕیاردانی چارەنووس لە پرەنسیپەوە گۆڕا بۆ ماف. هەروەک ناوەڕۆکی ئەو برگانەی باسمان کرد پەیوەندی بە هەموو میللەتانەوە هەیە، بەبی ئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکرێ ئاخۆ ئەو میللەتە دەوڵەتی هەیە یاخود نا، بۆیە ئەم برگانە هەموو میللەتان بە بێ جیاوازی دەگرێتەوە.

2- ڕاگەیاندنی بەخشینی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆلۆنیکراو بە پیێ بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (1514)(د_15)لە (14)ی کانونی یەکەمی (1960) لە خاڵی دووەم دا دەڵێت (هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆیان هەیە . و لە خاڵی سێیەمیش دا دەڵێ هەرگیز ناکرێ کەمووکوڕی لە مەیدانی سیاسی یان ئابوری یان کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی بکرێتە بیانوویەک بۆ دواخستنی سەربەخۆیی).(ئیسماعیل ، 2012 ، ل 59) .

3-یەکێک لە هەشت پەیماننامە سەرەکیەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ بریتیە لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان کە لە (1966/12/16) ئامادەکراوە و پەسەند کراوە لە بەشی یەکەم لە بەندی یەکەم و لە خاڵی یەکەمی دەڵێ (هەموو خەڵک مافی دیاریکردنی چارەنووسی هەیە . بە پشت بەستن بەم مافە ئەوان دەتوانن ئازادانە بڕیار لە پێگەی ڕامیاری خۆیان بدەن و ڕێچکەی گەشەسەندنی خۆیان لە بوارەکانی ئابوری و جڤاکی و کەلتووری دا بگرن) .(خورشید ، 2010 ، ل12) ، لەم دوو بڕیارنامەیەی

نەتەوەیەکگرتووەکان ماف بە هەموو گەلان دراوە لە بڕیاردانی چارەنووسیان و هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەو حاڵەتانە نەکراوە کە دەبێ گەلان تێدا بن .

4- لە بڕیاری (2787)ی خولی (26) لە (1971/12/6)هاتووە (جەختکردنەوە لە شەرعیەتی خەباتی گەلان لە پێناو مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئازاد بوونیان لە کۆڵۆنیالیزم و دەسەڵات خوازی و کۆیلایەتی بێگانە) ، بەڵام دەبێ ئەوە بخەینەڕوو هەریەک لە ولایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەڕیتانیا لە ساڵی (1971) لە کۆمیتەی کۆتاییهێنان بە کۆڵۆنیالیزم (decolonization) کشانەوە دوای ئەوەی کۆمیتەکە زنجیرە بڕیارێکی دەرکرد تێدا مافی بە تێکۆشانی چەکدارانە دا .(Simpson,2014,p.315)

5-بڕیاری (2955) ی خولی (27) لە(1972/12/12) تایبەت بە (گرنگی درککردن بە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان ، و خێرا کردن بە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵات و گەلانی کۆڵۆنی کراو ، لە پێناو گەرەنتی کردنی مافەکانی مرۆڤ و گرنگی پێدانی بە شێوەیەکی کاریگەر) .

6-بڕیاری (3070)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان. لە(1973/11/30) تێدا هاتووە (گرنگی هۆشیاری جیهانی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان و خێرا کردن لە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆڵۆنی کراو، لە پێناو زامن کردنی مافەکانی مرۆڤ و چاودێری کردنی بە شێوەیەکی کاریگەرانە).

لەم سێ بڕیارنامەیەی سەرەوە تەنها ئاماژە بە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵات و گەلانی کۆڵۆنی کراو دراوە هەربۆیە ئەمە بیانوویەک بووە بە دەست دەوڵەتانەوە تاکوو مافی بڕیاردانی چارەنووس بە گەلانی ژێر دەستەیان ڕەوا نەبینن .

خاڵی هەشتەم لە بڕگەی یەکەمی کۆنگرەی ئاسایش و هاوکاری ئەوروپی کە لە (1)ی ئابی (1975) لە هلسنکی بەسترا ئاماژە بەوە دەکات کە (گەلان هەموو کاتێک خاوەن مافن و ئازادی تەواویان هەیە کەی و بە چ شێوەیەک داخوازیەکانیان و ڕەوشی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکیان بەبێ دەستوەردانی دەرەکی بەڕێوەببەن و بەو شێوەیەش ئارەزووی دەکەن پەرە بە بەرەوپێشچوونەکانی خۆیان لە بواری سیاسی و ئابوری و کەلتووری و ڕۆشنبیری بدەن. کەواتە لێرەدا هەموو گەلان سەرپشک کراون لە هەڵبژاردنی ئەو شێوە بەڕێوەبردنەی کە دەیانەوێت. ئەنجومەنی ئاسایشیش یەکێکە لەو دەزگا گرنگانەی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشدار بووە لە چارەسەرکردنی بەشێک لەو کێشە و قەیرانانەی هەڕەشە بووە لە سەر ئاسایش و ئاشتی نێودەوڵەتی . هەروەک بڕیاری ژمارە(384)ی ئەنجومەنی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاسایش لە ساڵی (1975) دا دەرچوو پوختەکەی ئەوەیە ماف بە گەلی تەیموور دەدات لە هەڵبژاردنی چارەنووسیان، هەروەها بڕیاری (1372)ی ئەنجومەنەکە لە ساڵی (1999) دا دەرچوو بریتی بوو لە پێکهێنانی ئیدارەیەکی کاتی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری هەرێمەکە بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیاری چارەنووسیان لە کۆتاییدا . هەروەها بڕیاری ژمارە (1244)ی ساڵی (1999) کە داوای بەخشینی چەندێتیەکی گەورەی سەربەخۆیی و بە پلەیەکی گونجاوی خۆبەڕێوەبەری ئیداری بۆ کۆسۆڤۆ دەکات. دەبێ ئاماژە بەوە بکەین مافی بڕیاردانی چارەنووس لەسەر بنەمای پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری ئۆرگانە سەرەکیەکانی خۆی و چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە سەرچاوەی گرتووە ، لە گەڵ پراکتیزەکردنی زانستی و کاریگەرانەی لە لایەن گەلانی جیهانەوە ، بەڵام پراکتیزەکردنی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕوخسارێکی یاسایی وەرنەگرتووە بەڵکو لە چوارچێوەیەکی سیاسی دا ماوەتەوە چونکە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بە پێی بەرژەوەندییە جیۆپۆڵیتیکیەکانی خۆیان ئەو مافانەیان بە گەلان ڕەوا بینیوە.

**1-3. جۆرەکانی مافی بڕیاردانی چارەنووس:** مافی بڕیاردانی چارەنووس دوو جۆرە، ئەوانیش بریتین لە :

**یەکەم : مافی بڕیاردانی چارەنووسی دەرەکی :**

مافی هەر کۆمەڵەیەکە خاوەن سەروەری خۆیان بن ئەویش بریتیە لە سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە دەوڵەتی سەردەست.(Mulle,2016,p.212) ئەم مافە دەستوورنامە نێودەوڵەتیەکان لە سەرووی هەموویانەوە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان ژمارە (1514) ی ساڵی (1960) و بڕیاری ژمارە (2625) ی ساڵی (1970) جەختی لە سەر دەکاتەوە ، (مافی گەلان لە بڕیاردانی چاەنووسیان و پێویستی خێرا کردن لە پێدانی سەربەخۆیی بە گەلان ). (صادق ، 2012 ، ص150) مەبەستیش لەو دوو بڕیارە پاڵپشتی ئەو گەلانە بوو لە ژێر داگیرکاری دا بوون ، یان گەلی ئەو هەرێمانەی لە ژێر سیستەمی ماندێت دا بوون . (Sterio,2013, p.11) بە ئازادی ڕەها لە ڕێگەی سێ بژاردە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن:

یەکەمیان : بژاردەی سەربەخۆیی تەواو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی خاوەن سەروەری .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دووەم : بە دەستهێنانی ئۆتۆنۆمی لە گەڵ بەستنی ڕێککەوتننامەیەک لە گەل دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە هەندێک لە کاروباری بەرگری و دەرەکی لە ئەستۆ دەگرێت .

سێیەم : یەکگرتن لە گەڵ دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە یەکێک لەو یەکگرتنانەی کە لە سیستەمە دەستورییە سەرەکییەکان بوونی هەیە . (عبدالله ،2017، ل٣٧) کەواتە پاساوی مافی بڕیاردانی چارەنووس بریتیە لە پاساوێکی پێشینە ، چونکە ئەوەی لێ هەڵدەهێنجرێت کە پێویستە بوار فراوان بکرێت بۆ سەربەخۆیی نیشتمانی .(ArmstrongChris,2010,p.317)

**دووەم : مافی چارەنووسی ناوخۆیی :**

واتە ئازادی لە مافی بڕیاردانی چارەنووسی ناوخۆیی و هەڵبژاردنی شێوەی حوکمی خۆی (Jr,1994.p.307) زۆر جار بە ئۆتۆنۆمی ناودەبرێت و پەیوەستە بە تێگەیشتنی گشتی بۆ دیمۆکراسی ، کە مافی هەر کۆمەڵەیەکە خاوەن دام و دەزگا سەربەخۆکان بن بە شێوەیەک ئاماژە بێت بە خواست و تایبەتمەندیان .( mulle , 2016 ,p.212) ، هەندێکی تر مافی چارەنووسی ناوخۆیی بە دیمۆکراسی دەبەستنەوە ، بە واتای ئەوەی گەل مافی ئەوەی هەیە نوێنەر و حکومەتێکی دیمۆکراسی هەبێت ، ئەم مافە شێوەی جیاوازی هەیە بۆ نموونە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەت یان سیستەمی فیدراڵی یان هەر شێوەیەکی تایبەتی تری دەستوری.vezbergaite,2011,p.14 ) ئەم مافە بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان و بڕیارەکانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان کە پێشتر ئاماژەمان پێدان دانی پێدا نراوە .

**2-3. مافی بڕیاردانی چارەنووس و ڕیفراندۆم :**

مافی بڕیاردانی چارەنووس لەو پرەنسیپە نێودەوڵەتیانەیە کە لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتوەکان دا دەقنووس کراوە ، پراکتیزەکردنی ئەم مافە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆش لە ڕێگای پەنابردنە بەر ڕێگا چارەی ئاشتیخوازانە کە لە کاتی ئێستا دا زیاتر پەسەندە ، لە نێویشیاندا ڕیفراندۆمی میللی ، لەم بارەیەوە بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانیش ژمارە (637) کە لە (1952/12/16) دا دەرچوو جەختی لە سەر ئەم مافە کردوەتەوە. (جەختکردنەوە لە سەر ئارەزووەکانی گەلان ئەویش لە ماوەی دەنگدانی گشتی یان هەر ئامڕازێکی دیکەی دانپێنراو کە باشترە لە ژێر چاودێری نەتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەکگرتووەکان پیادە بکرێت) . بە بۆچوونی ئێمە ئەم بڕیارە جەخت لە سەر سەروەرێتی گەلان دەکاتەوە لە بڕیاردان لە سەر بابەتە چارەنووس سازەکانیان ئەویش لە ڕێگای ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە .

## 4. ڕیفراندۆم و لێکەوتەکانی سەربەخۆیی لە بەر ڕۆشنایی ئەزموونە نێودەوڵەتیەکان :

### 1-4. پێناسە ی ڕیفراندۆم :

مەبەست لە ڕیفراندۆم بریتیە لە بەشداری و ڕاوێژکردن بە دانیشتوان لە بارەی بابەتە گشتییەکان .((setala , 1997,p.6 ، یاخود بریتیە لە میکانیزمێکی گونجاو بۆ پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە خەڵک.(tierney ) 2012,p.19 ، یان بریتیە لە گەیاندنی دەنگی خەڵک لە بابەتێکی دیاریکراو کە پەیوەندی بە ژیان و ئایندەیانەوە هەبێت.( Vreese and Semetko, 2004 , p.4 ) یا بریتیە لە گۆڕینی دیموکراسی نوێنەرایەتی بۆ دیموکراسی ڕاستەوخۆ.(Lacy , Niou,1998:p.1) بەو سیفەتەی گەل خاوەن سەروەرییە ، بۆ ئەوەی بۆچوونی خۆی بە ئازادانە دەرببڕێت ، جا بابەتەکە یاسایی و دەستوری بێت ، یاخود سیاسی ، ئەمەش شێوازێکە لە شێوازەکانی بەشداری ڕاستەوخۆی گەل لە حوکمڕانی و بڕیارەکاندا . ڕیفراندۆمیش یاسایی ، دەستوریی ، هەروەها سیاسی دەبێت ، لە سەر پرسە گرنگەکانی وەک سەربەخۆیی و جیابوونەوە و پەسەندکردنی دەستور ، هەروەها بۆ پەسەندکردنی یاساکان ئەنجام دەدرێت .(صادق ، 2013 ، ص5)

بە بۆچوونی ئێمە ڕیفراندۆم ، دەنگدانێکی گشتییە ، تێدا گەل بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕای خۆی سەبارەت بە پێشنیازێکی دیاریکراو یان پرس و بابەتێکی گرنگ دەردەبڕێت . لەم پرۆسەیەدا بژاردەکانی بەردەم هاونیشتمانیان دیاریکراوە و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا تەنها دوو بژاردەی وەک (قەبووڵ کردن) و (ڕەتکردنەوە) لەم پرۆسەیەدا دەخرێتە بەردەستیان .

**چەمکی ڕیفراندۆم :**

ڕیفراندۆم پێکهاتەیەکی چالاکی سیستەمی سیاسییە.(sen , 2015,p.6) ، و لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینیە (refero , referenda) بە مانای (گەڕانەوە بۆ ) وەرگیراوە .(Qvortrup , 2014,p.2)

یان بریتیە لە ئامرازێکی دیموکراسیانەی ڕاستەوخۆ ، بۆ بەشدارییێکردنی خەڵک لە بڕیار وەرگرتندا .(mendelsohn and parkin, 2001,p.4) ، لە زمانی عەرەبی (الاستفتاء) واتە داواى فەتوا یا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆچوون یاخود حوکم لە سەر بابەتێک .(کوڤلی ، 2019 ، ص19) کەواتە ڕیفراندۆم شێوەیەک لە هەڵبژاردنە ، کە خەڵک لە نێوان دوو یان زیاتر لە دوو بژاردەدا ، یەکیکیان هەڵدەبژێرێت .

### 2-4. ڕیفراندۆم لە ڕووی یاساییەوە پۆلێن دەکرێت بۆ دوو ڕێگای سەرەکی:

**یەکەم: فەرمی** ئەمە کاتێک ئەنجام دەدرێت دوو لایەن یان زیاتر بە شێوەیەکی یاسایی ڕێکەون .( Şen, 2015 p.62 ) لە سەر ئەوەی ڕێگایەکی بێ لایەنانە پەیرەو بکرێت ، کە چەند لایەنێکی دیاریکراوی دیکەش زۆر جار ئاگاداری دەبن. نموونەی ئەم جۆرە ریفراندۆمە لە تەیمووری خۆرهەڵات (1999) و باشووری سودان(2011) ئەنجامدراوە .

**دووەم: نافەرمی** ئەم جۆرەیان بە بێ ڕێککەوتن لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەنجام دەدرێت ، لایەنێک بە تاکلایەنی هەڵدەستێ بە ئەنجامدانی بێ گەڕانەوە بۆ ئەوانی تر . دەتوانین بڵێن زۆربەی ئەو ڕیفراندۆمانەی پێش جەنگی جیهانی یەکەم کراون زۆربەیان لە جۆری نافەرمی بوون.(ئەحمەد ، بەبێ ساڵی چاپ.ل78) ، نموونەی ئەم جۆرەش لە کریمیا(2014) و کەتەلۆنیا(2017) و هەرێمی کوردستان (2017) ئەنجامدراوە .

### 3-4. مێژووی سەرهەڵدانی ڕیفراندۆم :

لە ڕووی مێژووییەوە بۆ یەکەم جار لە سەدەی پانزەهەم لە وڵاتی سویسرا ڕیفراندۆم لە لایەن کانتۆنەکانی ئەو وڵاتە پیادەکراوە ئەویش بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری سیاسی و یاسایی ناوخۆیی وڵاتەکە .(جەوهەر ، 2018،ل7) ، لە ماوەی شۆڕشی فەرەنسی لە ساڵانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم بە هۆی ئەو دۆخە دیموکراسییەی کە لە لایەن ناپلیۆن ڕەخسێنرا بوو ڕیفراندۆم ئەنجامدراوە ، هەروەها لە ماوەی ساڵانی (1840) و (1860) بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرێنی ئیتالیا بەکارهێنراوە.( Qvortrup , 2018 , p.5 )بەڵام لە سەدەی بیستەم دا زۆرترین کار بەم پرۆسەیە کراوە هەروەک لە خشتەی (1) دا بۆمان دەردەکەوێت ، لەم ڕووەوە لە ڕووی فاکتەری کاتەوە ئەزموونەکانی ڕیفراندۆم لە جیهان دا پۆلێن دەکەین بۆ ئەم قۆناغانەی لای خوارەوە :

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## قۆناغی یەکەم: (1846-1945)

لەم قۆناغەدا تەنها (7) ڕیفراندۆم لە سەر ئاستی جیهان دا کراوە لە هەر یەک لە وڵاتانی لیبیریا(1846)، میریلاند(1853)، نەرویج (1905)، ئایسلەندا(1918) ، ڕۆژئاوای ئوسترالیا(1933) ، کەمبۆدیا(1945) ، مەنگۆلیا(1945) ، ، کە جگە لە ڕۆژئاوایی ئوسترالیا ئەوانی دیکە هەموو سەربەخۆییان بەدەستهێناوە .

**خشتەی(1) ئەزموونەکانی ڕیفراندۆم لە جیهان**

| ماوە | سەربەخۆیی | | |
|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | دیفاکتۆ |
| 1846-<br>1945 | لیبیریا، میریلاند ،نەرویج،<br>ئایسلەند،کەمبۆدی،مەنگۆلیا | ڕۆژئاوای ئوسترالیا | |
| 1946-<br>1989 | غینیا،ساموا،جەزائیر، ماڵتا،<br>بەحرەین، میکرۆنیزیا، جیبۆتی | فارۆئایسلەندا ، سار ، کامیرۆن ،<br>کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست ، چاد ،<br>کۆمۆرۆس ، کۆنگۆ ، داهۆمی ،<br>بۆلینیزیا ، گابۆن ، ساحل عاج ،<br>مەدەشقەر ، مالی ، مۆریتانیا ،<br>کالیدۆنیای نوێ ، نەیجر ، سێنت<br>بیرۆ و میکویلون ، سەنیگال ،<br>ڤۆڵتای ژووروو ، بورتوریکو ، بابوای<br>ڕۆژئاوا ، دورگەی مریانا ، هەرێمی<br>ترۆست ، گوام ، ئاروبا ، نیفیس ،<br>کیوبیک ، دورگەی مارشاڵ ، بالاو ،<br>دورگەی کۆکوس ، دورگەی فۆکلاند<br>، کالیدۆنیا | ڕۆدیسیا ، سیسکی |
| 1990-<br>2017 | سلۆڤینیا، ئەرمینیا، ئازەربایجان ،<br>کرواتیا ، ئەستۆنیا ، جۆرجیا ، لاتیڤیا<br>، لیتوانیا ، مەکەدۆنیا ، ئۆکرانیا ،<br>تورکمەنستان ، ئۆزبکستان، بۆسنە و<br>هەرسک، ئەریتریا، مۆڵدۆڤا ، | تەتەرستان ، دورگەی ڤیرجین ،<br>پۆرتۆریکۆ ، کیوراکاو ، بۆنیر ، سەبا ،<br>سانت مارتین ، سانت یستاتیۆس<br>، بەرمۆدا ، کیوبیک ، نیفیس ،<br>ڤینیتۆ، | ناگۆرنۆکەرەباغ ،<br>ترانسنیستریا ،<br>ئۆسیتیای باشوور،<br>دۆنیستک،<br>لوجانسک |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ئەنجوان، تەیموری ڕۆژهەڵات، مۆنتینیگرۆ ، باشوری سودان | سکۆتلەندا ، کەتەلۆنیا ، هەرێمی کوردستان | |

سەرچاوە خشتەکە لە لایەن توێژەر ئامادە کراوە پشت بەستن بە :
محەمەد ، هەڵمەت ، ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی و ئەزموونەکانی جیهان و واقعی هەرێمی کوردستان ، گۆڤاری جۆرناڵ ، بڵاوکراوەیەکی سیاسی شیکارییە ، ناوەندی میللەت بۆ توێژینەوە ، ژمارە (10-11) ، کانوونی دووەم –شوباتی 2017 .

ویڵسون سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا باوەڕی وا بوو هۆکاری سەرەکی جەنگەکان دەتوانرێ لە ناوبرێت گەر هاتوو خەڵک بتوانن حوکمی خۆیان بکەن لە دەوڵەتێکی سەربەخۆدا . ( Haklai,2015.p.462) ، بۆیە ئەم لێدوانانەی ویڵسون کاریگەری هەبوو لە سەر خواستی بەدەستهێنانی مافی چارەنووس لە لایەن گەلانی جیهان لە سەدەی بیستەم .

### قۆناغی دووەم : (1946-1989)

لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا کە بڕیار و پەیماننامەکانی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە پاڵپشتیکردنی گەلان بە مەبەستی هەوڵدان بۆ سەربەخۆیی . لەم قۆناغەدا نزیکەی (41) وڵات ڕیفراندۆمی بە مەبەستی سەربەخۆیی تیدا ئەنجامدراوە ، لە نێویان دا تەنها (7) وڵات سەربەخۆییان بەدەست هێناوە کە ئەوانیش غینیا(1958) ، ساموا(1961) ، جەزائیر(1962) ، ماڵتا(1964) ، بەحرەین(1970) ، جیبۆتی(1977) ، میکرۆنیزیا(1983)) بوون و (32) وڵاتیان نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن ، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەریەک لە (ڕۆدیسیا(1964) ، سیسکی(1980) بە حوکمی دیفاکتۆ سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێناوە بەڵام دانیان پێدا نەنراوە .

### قۆناغی سێیەم :(1990-2017)

لەم قۆناغەدا (40) وڵات ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی تێدا ئەنجام دراوە ، بەتایبەتی لە پاش هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یوگسلاڤیا لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ، لە نێو ئەو چل وڵاتەش دا (19) وڵاتیان سەربەخۆییان بەدەستهێناوە ئەوانیش سلۆڤینیا(1990) ، ئەرمینیا(1991) ، ئازەربایجان(1991) ، کرواتیا(1991) ، ئەستۆنیا(1991) ، جۆرجیا(1991) ، لاتیڤیا(1991) ، لیتوانیا(1991) ، مەکەدۆنیا(1991) ، ئۆکرانیا(1991) ، تورکمەنستان(1991) ،

ئۆزبکستان(1991) ، بۆسنە و هەرسک(1992) ، ئەریتریا(1993) ، مۆڵدۆڤا(1994) ، ئەنجوان(1997) ، تەیموری ڕۆژهەڵات(1999) ، مۆنتینیگرۆ(2006) ، باشوری سودان(2011) ، و (16) وڵاتیش نەیانتوانیوە سەربەخۆ بن ، سەرەڕایی ئەوەش هەریەکە لە کۆسۆڤۆ(1991)،ناگۆرنۆکەرەباغ(1991)،ترانسنیستریا(1991)،ئۆسیتیای باشوور(1992)،دۆنیستک (2014)، لوجانسک(2014) لە گەڵ ئەوەی بە حوکمی دیفاکتۆ سەربەخۆبوون بەڵام دانیان پێدا نەنراوە . لە بەر ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە خولگەی سیاسەتی روسیا و سلاڤیدان. بە پشت بەستن بەوەی باسمان کرد ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەشێکی سەرەکی بووە لە سیستەمی نێودەوڵەتی سەدەی (20 ، 21) ، و بنەما بووە بۆ شەپۆلی گەورە لە گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی چارەنووسیان و دروستبوونی دەوڵەتان

لێرەدا بە مەبەستی زیاتر ڕوونکردنەوە ئاماژە بە چەند ئەزموونیکی وڵاتان دەدەین :

**یەکەم : تەیموری خۆرهەڵات**

تەیموری خۆرهەڵات دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و بریتیە لە نیوەی خۆرهەڵاتی دورگەی تەیمور دەکەویتە نێوان بازنەی پانی (8-10) پلەی باشوور و هێڵی درێژی (124-128) ی خۆرهەڵات (نەخشەی1 ) ، تێکرای ڕووبەرەکەی (14874)کم2یە ، ژمارەی دانیشتوانی لە ساڵی (2020) زیاتر بووە لە (1,299,000)کەس ، زیاتر لە (٩٩٪)ی دانیشتوانی کریستیانن. دەریای باندا و گەرووی ویتار و گەرووی ئومبای دەکەوێتە بەشەکانی باکووری و دەریای تەیموریش لە ئوسترالیای جیای دەکاتەوە و دەکەوێتە بەشەکانی باشووری و دەریای مالوکاش دەکەوێتە خۆرهەڵاتی .

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە تەیموری خۆرهەڵات گرنگییەکی ستراتیجی هەیە ، چوونکە شوێنێکی سەنتەری گرتووە لە نێو دورگەکانی ئەندەنوسیا و کیشوەری ئوستراليا لە باشور و فلیپین لە ڕۆژهەڵات ، هەر لایەنێکیش بتوانی دەست بە سەر تەیموری خۆرهەڵات دا بگریت ئەوا دەتوانێ دەست بەسەر ڕێگای دەریایی لەم ناوچە ستراتیجەی ئۆقیانووسی ئارام دا بگرێت و هەڕەشە لە ئەندەنوسیا و فلیپینیش بکات .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دورگەی تەیمور بە پێی پەیماننامەی لشبۆنەی ساڵی (١٨٥٩) لە نێوان پورتۆگال و هۆڵەندا دابەشکرا ، بەشی خۆرهەڵاتی کەوتە ژێر دەسەڵاتی پورتۆگال و بەشی خۆرئاواشی کەوتە ژێر دەسەڵاتی هۆڵەندا .(احمد ، 2009 ، ص102) ، واتە تەیموری خۆرهەڵات لەو مێژووەوە بووە کۆڵۆنیالیزمی پورتۆگالی ، بە پێی پۆلینی نەتەوەیەکگرتوەکانیش لە ساڵی (1960) وا ناسراوە لەو هەرێمانەیە خاوەن ئۆتۆنۆمی نیە . (عبدالله ، 2017 ، ل218) شۆڕشی پورتوگالی کە بە شۆڕشی قرنفل ناسرابوو لە(1974/4/25) لە ئەنجامی خراپی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەو جەنگانەی حکومەت دژی جووڵانەوە ئازادیخوازەکان لە کۆڵۆنیەکانی پورتوگالی ئەفریقی دەستی پێ کردبوو.(جمعة ، 2013 ، ص300) ، ڕژێمی دیکتاتۆری لە پورتوگال ڕووخاند و لە (1975/11/28) تەیموری خۆرهەڵات تاکلایەنە سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند ، بەڵام زۆربەی زۆری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دانی بەو سەربەخۆییە تاکلایەنەدا نەنا . (ongge, 2015 , p.317) ئەندەنوسیا لە ئەیلولی ساڵی (1975) دەستی بە سەر تەیمووری خۆرهەڵات دا گرت و لکاندی بە وڵاتەکەیەوە و بووە ویلایەتی ژمارە (27)ی ئەندەنوسیا . (Dobbins,p.127) لە بەرامبەر دا هەندێ سەربەخۆیی هەرێمی سنورداری لە چوارچێوەی ئەندەنووسیا پێ بەخشیین .(White , 2008 , p.71)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی (١) شوێنی جوگرافی تەیمۆری خۆرهەڵات

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: Arc map GIS 10.6

کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە یەکەم کاردانەوەی بڕیاری (3485)لە ساڵی (1975)دەرکرد و ئەندەنوسیای بەوە تۆمەتبار کرد ئاشتی هەرێمی لە تەیموری پورتوگالی خستوەتە مەترسی و داوای هەرچی زوو پاشەکشێ ی هێزە چەکدارەکانی کرد لە هەرێمەکە . بەڵام حکومەتی ئەندەنوسیا بڕیارەکەی پشتگوێ خست . بیروبۆچوونی نەتەوە یەکگرتووەکانیش جەختکردنەوە بوو لە سەر سەروەرێتی پورتوگال لە هەرێمەکە .(Lloyd , p.77-78) هۆکاری جیۆسیاسی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پێشکەوتنی تەیموری خۆرهەڵات لە ڕووی سیاسییەوە ، زۆربەی هێزەکانی خۆرئاواش لە سەرەتاکاندا بە تایبەتی لە کاتی داگیرکردنی دورگەکە لە لایەن ئەندەنوسیاوە لە ساڵی (1975) هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەنواند بە هۆی ئەوەی وایان دادەنا کە تەیموری خۆرهەڵات کەوتوەتە خولگەی

چین ، بەڵام لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد پاڵپشتییەکان لە لایەن هێزەکانی ڕۆژئاوا لە بەرژەوەندی تەیمورییەکان زیاد بوو بۆ بڕیاردان لە چارەنووسیان. (Dobbins, p.128) لە کانونی یەکەمی ساڵی (1975) ئەندەنوسیا دەستوەردانی لە هەرێمەکە کرد بە بیانووی پارێزگاریکردن لە هەڕەشەکانی شوعیەت لە سەر سنورەکانی ئەمەش بیانوویەک بوو بۆ ئەوەی پاڵپشتی ولایەتەیەکگرتوەکان و بەریتانیا و ئوستراليا بە دەست بهێنیت ، بەڵام ئەم بیانووە نەبووە هۆکارێک بۆ دانان بە لکاندنی تەیموری خۆرهەڵات بە ئەندەنوسیاوە .( Paul , p.378)

کەواتە دەبێ بڵێن تەیموری خۆرهەڵات بوو بە قوربانی ئەجیندای شەڕی سارد و ئاڵوگۆڕە سیاسیەکانی ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا ، کە دوای شکانی ئەمریکیەکان لە ڤێتنام پێگە سەرەکیەکەیان لە ناوچەکە لە دەست دا بوو. لە نێوان ساڵی (1976_1999) پێکدادانی چەکداری لە نێوان گروپەکانی تەیموری خۆرهەڵات ناسرا بوون بە فرتلین(Fertilin )و هێزەکانی ئەندەنوسیا بەردەوام بوو .(جدوع ، 2015 ، ص 150) ، سوپای ئەندەنوسیاش لەو ماوەیەدا نزیکەی دووسەد هەزار کەسی لە هەرێمەکە کوشتووە . (Weitz , 2012, p.743 )

سەرۆکی ئەندەنوسیا سۆهارتۆ کارتی شیوعیەکانی وەکوو هەڕەشەیەک بۆ کۆنتڕۆڵکردنی تەیمور بەکاردەهێنا چونکە دەیزانی ئەمریکیەکان قەبووڵی دەوڵەتێکی دیکەی شیوعی لە ناوچەکە دا ناکەن ، ئەویش دوای سەرکەوتنی شیوعیە ڤێتنامیەکان بەسەریاندا. کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و دەرکەوتنی تاک جەمسەری ئەمریکی وای لێ کردن بە سیاسەتەکانیان دا بچنەوە لە بەرامبەر تەیموری خۆرهەڵات و یارمەتیدەریان بن لە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لە ساڵی(2001) . بەڵام هەریەکە لە ڕوسیا و چین هەڵوێستێکی بەهێزیان نەنواند لە بەرژەوەندی تەیمورییەکان بەڵکو زیاتر ئارەزووی بە هێزکردنی پەیوەندیەکانیان دەکرد لە گەڵ ئەندەنوسیا.(الامارة و محسن ، 2012 ، ص151،163) ڕێککەوتن لە نێوان ئەندەنوسیا و پورتوگال لە(1999/5/5) بە چاودێری ئەمینداری گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەنجامدرا ، بڕیاری پێدانی ئۆتۆنۆمی بە تەیموری خۆرهەڵات لە چوارچێوەی ئەندەنوسیا و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ چارەنووسی تەیموور درا .(جدوع ، 2015 ، ص150)

دوای ڕۆیشتنی سەرۆکی ئەندەنوسیا سۆهارتۆ لە ساڵی (1998) ، جاکارتا ڕازی بوو بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ داهاتووی تەیموری خۆرهەڵات ، ئەویش لە لایەک بە هۆی ئەو دۆخە ئابوریە ئاڵۆزەی وڵاتی تێدا بوو ، لە لایەکی تریش گوشارە ئابوری و سیاسیەکانی ولایەتەیەکگرتوەکان بە مەبەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناچار کردنی حکومەتی نوێی ئەندەنوسیا بۆ قەبوڵکردنی خواستی تەیمورییە جووداخوازەکان ، هەروەها سندوقی دراوی نێودەوڵەتیش ڕەتیکردەوە هیچ قەرزێک بە حکومەتی نوێی ئەندەنوسیا بە سەرۆکایەتی یوسف حەبیبی بدات گەر درێژە پێدەری سیاسەتەکانی سۆهارتۆ بێت . (احمد ، 2009 ، ص106) ، بەڵام کێشە لە نێوان ئەندەنوسیا و تەیمورییەکان بەردەوام بوو و هێزە چەکدارەکانی ئەندەنوسیا و میلیشیا ناوچەییەکان بە سەدان کەسیان کوشت و نزیکەی پێنج سەد هەزار کەسیش کۆچبەر بوون .(paul .p.379)

ئەنجوومەنی ئاسایش بە بڕیاری (1246) لە (1999/6/11) ، بڕیاری بە دروستکردنی نوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتوەکان لە تەیموری خۆرهەڵات دا بۆ ڕێکخستن و جێبەجێکردنی پرۆسەی ڕیفراندۆم ، ئەوەبوو ڕیفراندۆم لە ڕێکەوتی (1999/8/30) بەڕێوەچوو .(دلۆڤان ، 2020 ، ل100 -101) ، زیاتر لە (78%)ی دەنگدەران دەنگیان بە جیابوونەوە دا لە ئەندەنوسیا .(paul , p.379) بڕیاری ڕیفراندۆم لە هەل و مەرجێکدا بوو (52%)ی دانیشتوانی تەیمور بێ کار بوون و (42%) یان ئاستی گوزەرانیان لە ژێر هێڵی هەژاری دا بوو ، (90%)ی دانیشتوانیش پشتیان بە کشتوکاڵکردنی سەرەتای دەبەست ، ئابوری تەیمور بە تەواوی  پشتی بە ئەندەنوسیا دەبەست و لە توانای دا نەبوو زیاتر لە (20%)ی پێداویستیە ئابورییەکانی بە خۆی بەرهەم بێنێت .(العامري ، ل٣٤٦) حکومەتی ئەندەنوسیا لە ژێر زیادبوونی گوشارە نێودەوڵەتیەکان لە مانگی (9)ی ساڵی (1999) ڕەزامەند بوو بە پاشەکشێ کردنی هێزەکانی لە تەیمووری خۆرهەڵات.(Dobbins, p.127)

لە (1999/9/15) بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان ژمارە (1264) بڕیاری بڵاوەپێکردنی هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی درا بە مەبەستی گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایش و گەیاندنی یارمەتیە مرۆییەکان لە هەرێمەکە . (Glenn , p.11) ، نەتەوەیەکگرتوەکان بە هاوکاری هێزی ئاشتیپارێزی نێودەوڵەتی لەو ساڵەدا ، ئیدارەیەکی کاتییان دامەزراند ، بە مەبەستی ئامادەکردنی بۆ خۆبەڕێوەبەری .  (Scambary , Wassel,p.181) ، هەر لەو ساڵەدا وەزیری دەرەوەی ئوستراليا ڕایگەیاند گۆڕانکاری گەورە بە سەر سیاسەتی ئوسترالیا دا هاتووە سەبارەت بە تەیمووری خۆرهەڵات و حکومەت گوێ لە دەنگی تەیموورییەکان دەگرێ لە هەڵبژاردنی بڕیاری چارەنووسیان گەر سەربەخۆیش بێت لە ئەندەنوسیا . (Lloyd , p.83) پەرلەمانی ئەندەنووسیا لە (1999/10/20) ئەنجامەکانی ریفراندۆمی تەیمووری خۆرهەڵاتی پەسەند کرد کە نەتەوەیەکگرتوەکان پێی هەستا و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بووە هۆی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ لە دوای چوارسەد ساڵ لە حوکمی کۆلۆنیالیزمی پورتوگالی و بیست وسێ ساڵ لە حوکمی سەرنەکەوتووی ئەندەنوسیا.( Haseman, p.168 )

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین شوێنی ستراتیجی تەیموری خۆرهەڵات لە نێو دورگەکانی ئەندەنوسیا و لە نێو ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و فاکتەرە جیۆسیاسیەکان و ئەو جەنگ و تونودوتیژیانەی دورگەکەی گرتبوویەوە ئەمە جگە لەو قوربانیانەی تەیمورییەکان بەخشیان فاکتەری پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوون بۆ کێشەی تەیموری خۆرهەڵات و پشتگیری کردنیان لە سەربەخۆبوونی. هەروەها پاڵپشتیەکانی ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا خواستی ئەم دەوڵەتە بوو بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ناوچەکانی کۆلۆنیالیزمی کۆن لە جیهاندا بە جۆرێک بەرژەوەندیەکانی خۆی تێدا مسۆگەر بکات ، ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی دانیشتوانی تەیموری خۆرهەڵات کریستیانی کاسۆلیکن هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ، بۆیە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ولایەتەیەکگرتوەکان لە دوای جەنگی سارد و سەرەتای سیستەمی تاک جەمسەری دا پێی باش بووە هەماهەنگی لە گەڵ ئەو دەوڵەتە دا بکات لە جیاتی پشتگیری کردن لە یەکگرتووی و یەکپارچەی خاکی گەورەترین دەوڵەتی موسڵمان.

**دووەم: باشوری سودان**

باشوری سودان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی ئەفریقیا ، لە نێوان بازنەی پانی (30 3 ، 12)ی باکوور و هێڵی درێژی (22 ، 38)ی ڕۆژهەڵات ، کەوتوەتە ناوچەی کەمەرەیی زەوی و دەوڵەتێکی داخراوە ، لە باکورەوە هاوسنورە لە گەڵ سودان و لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ ئەسیوپیا و لە باشوری ڕۆژهەڵاتەوە کینیا و لە باشورەوە ئۆگەندا و لە باشوری ڕۆژئاواوە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی و لە ڕۆژئاواوە کۆماری ئەفریقای ناوەڕاست .(نەخشەی2) تێکرای ڕووبەرەکەی (634000)کم2 یە , zambukari,2012 (p.509) . ، بە پێی سەرژمێری ساڵی (2008) تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی باشوری سودان (8) ملێۆن کەس بووە بەڵام لە ساڵی (2016) ئەم ژمارەیە هەڵکشاوە بۆ نزیکەی (11) ملیۆن کەس.(احمد ، 2016 ، ص44). هیچ هاوبەشیەک لە نێوان سودانی باکوور و باشوور دا نیە ، لە ڕووی ڕەگەزییەوە باکوور عەرەبن و باشوور زنجی و لە ڕووی ئایینیەوە باکوور موسڵمان و باشوور زۆرینە کریستیان و هەروەها لە ئیسلام و هەڵگری بیروباوەڕە ئاینیە دێرینیەکانی ئەفریقان و لە ڕووی زمانەوە باکوور بە عەرەبی دەدوێن . بەڵام باشوور زیاتر لە (12 ) جۆر زمان و (250) زاراوەی ناوخۆیی جیاوازی تێدایە .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Johnson , 2016 , p.4) ، ئەمە جگە لە جیاوازییە جوگرافی و مێژووی و کلتورییەکان . کە هۆکار بووە بۆ دروستبوونی گرژی لە نێو ئەو پێکهاتانە و ئەمەش خاڵێکی لاوازی جیۆپۆلیتیکی باشووری سودانە. لە ڕووی مێژووییەوە باشووری سودان لە ساڵی (1898) لە لایەن سوپای ئەنگلۆ - میسرەوە داگیرکرا.(salman,2013,p.347) ساڵی (1953) ڕێککەوتننامەی ئەنگلۆ - میسری لە نێوان بەریتانیەکان و میسرییەکان دا بەسترا بە مەبەستی پێدانی ئۆتۆنۆمی و مافی چارەنووس بە سودان .(احمد ، 2017 ، ص237) ، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات سنوری دەوڵەتی سودان کۆلۆنیالیزم لە سەر کاغەز کێشاویانە و لە سەر زەوی جێبەجێان کردوە بە بێ گوێدانە واقیعی کۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی . یاخیبوونی باشوورییەکان لە ساڵی (1955) بەرپا بوو لە پێناو وەرگرتنی سەربەخۆیی. (Marzatico,p.5)


لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆییش لە سەرەتای شەستەکان لە سودان بیرۆکەی پێدانی فیدراڵی بە باشوور فەرامۆشکرا .(Johnson , 2014 , p.15 ) ساڵی (1972) بە بەستنی ڕێککەوتنی ئەدیس ئەبابە یاخیبوون کۆتایی پێ هات و بەو هۆیەوە ئۆتۆنۆمی بە ناوچەکانی باشور درا . ساڵی (1983) لە لایەن سەرۆکی ئەو کات جەعفەر نمیری ئۆتۆنۆمی باشوور هەڵوەشایەوە ، باشوری دابەش کرد بۆ سێ هەرێم ، ئەوانیش هەرێمەکانی (بحر الغزال ، الاستوائية ، اعالي نيل ) .(العذاري ، 2013 ، ص199) بوون ، واتە حکومەتی سودان لە ڕێگای گۆڕانکاری و لێکترازانی کارگێڕییەوە هەوڵی لاواز کردنی جیۆپۆڵتیکی باشووری سودانی داوە.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)


نەخشەی (2) شوێنی جوگرافی باشووری سودان

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: Arc map GIS 10.6

لە ماوەی هەشتاکاندا بزوتنەوەی میللی بۆ ڕزگاریی سودان لە لایەن ئەسیوپیا و هەروەها لیبیا پاڵپشتیێەکی گەورەی لێ دەکرا .(رافت و ئەوانی تر ، 2012 ، ص155) ، چونکە ئەسیوپیا هەوڵی زیادکردنی وڵاتانی حەوزی نیلی دەدا و کێشەی سنوریشی لە گەڵ هەبوو ئەمە جگە لە ناکۆکیان لە دەریای سوور هەروەها لیبیاش سودانی بە هاوکاری کردنی ئیخوان موسلمینی لیبیا تۆمەتبار دەکرد . بەڵام میسر دژی جیابوونەوەی باشووری سودان بوو ، هەوڵی لەیەک نزیککردنەوەی هەر دوو لایەنی دەدا ، لە ماوەی نۆهەدەکانیش هەریەکە لە ئەریتریا و ئۆگەندا هاوکاری باشورییەکانیان دەکرد.

کۆتایی حەفتاکانیش نەوت لە باشووری سودان دۆزرایەوە و زۆرینەی بیرە نەوتەکانی سودان لە باشوورن .( Grawert and Andrä , 2013 , p.7) ، ئەمەش پێگەی جیۆپۆڵیتیکی باشووری بەهێز کرد ، نەوتی ناوچەکانی باشووریش پشکی زۆرینەی بەرهەمهێنان و هەناردەیان لە خۆگرتبوو ، بە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جۆرێک نزیکەی (70%) ی هەناردەی نەوتی سودان لە ناوچەکانی باشوورەوەیە ، (السعدی ، 2020 ، ص136)

ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە باکوور و باشووری سودان لە ڕووی جوگرافیا و مێژووەوە لە یەک جیاوازن ئەم جیاوازیەش بووەتە هۆی ئەوەی کێشەی باشووری سودان ڕەهەندی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێت ، جگە لە زمان و کەلتوور و ئایین کە پێشتر ئاماژەمان پێدا ڕەهەندی ئابوری و نەبوونی گەشەپێدانێکی دادپەروەرانە لە نێوان هەرێمەکان و ناوەند دا و ڕەهەندی سیاسیشی هەیە . ئەمە جگە لەوەی خاڵی بەهێزی ئابووری سودان کە نەوتە لە ناوچەکانی باشووری سودان بوو ئەمەش لە ڕووی جیۆسیاسیەوە پێگەی باشووری بەهێزتر کرد . هەروەها هەستی جوداخوازی لای باشورییەکان زیاتر کرد ، چونکە ئەو باوەڕەیان لا دروست بوو کەوا نەوت پاڵپشتی دەبێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان .

بوونی نەوت لە باشوور و ڕێگریکردن لە پەلکێشانی ئیسلامی بۆ دەوڵەتە کریستیانەکانی دەوروبەری سودان و بەرژەوەندییە ئاسایشیە جیۆستراتیجیەکان هاندەر بوو بۆ ئەوەی ولایەتەیەکگرتوەکان پاڵپشتی لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی دۆست بکات لە ناوچەکە. هەروەها ڕێکخراوە کریستانییەکانیش گوشاریان دەخستە سەر کۆشکی سپی بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی بزوتنەوەی میللی بۆڕزگاریی سودان .(Bereketeab.2020 , p.20 ) لە (2005/1/9) ڕێککەوتننامەی ئاشتی گشتگیر لە نیفاشا لە نێوان حکومەتی کۆماری سودان و بزوتنەوەی میللی بۆ ئازادی سودان بەسترا , Malwal , 2015 ) p.1). ئەم ڕێککەوتننامەیە لە شەش بەند پێکهاتبوو لە بەندی یەکەمی بەشی پێنجەم تایبەت کراوە بە مافی بڕیاردانی چارەنووس .(رمضان ، 2020 ، ل92) ، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە دوای بە ئەنجام گەیاندنی ژمارەیەک پرۆتۆکۆل دێت .(طوزان ، 2013 ، ص 471) لە بەندی (219)ی دەستوری سودانی فیدراڵی ڕاگوزەریش دا هاتووە (هاوڵاتیانی باشوری سودان مافی دیاریکردنی چارەنوسیان هەیە لە ڕێگەی ڕیفراندۆم بۆ دیاریکردن و تێگەیشتن لە داهاتوویان )(دستور جمهورية السودان الانتقالي لسنة 2005) ، ڕیفراندۆمی باشوری سودان لە( 2011/1/15) ئەنجامدرا ، دەنگدەران لە نێوان دوو بژاردە دا بوون : یەکێتی یان جیابوونەوە ، لە کۆی (3,770,600) دەنگدەری تۆمارکراو (3,697,467) دەنگدەر دەنگیان بە جیابوونەوە دا .( عبدالله ، 2017 ، ل260)

دەبێ ئاماژە بەوە بکەین پاڵپشتی تەکنیکی و لۆجستی بەهێز و کاریگەر لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتیەوە بە تایبەتی لە لایەن نەتەوەیەکگرتوەکان و یەکێتی ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەفریقی بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕیفراندۆمەکەی باشوور هەبوو. لە (2011/7/9) دەوڵەتی باشوری سودان ڕاگەیەنرا بە شێوەیەکی فەرمی و سەربەخۆیی خۆی لە سودان وەرگرت .( LeRICHE and ARNOLD , 2012 , p.238 ) ، لە تەمووزی هەمانساڵیش دا بووە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان.(رمضان ، 2020 ، ل95) لەوەی پێشوو کە باسمان کرد دەگەینە ئەو ڕاستییەی ڕیفراندۆمەکەی سودان لە بەر ئەوەی لە ئاستی نێودەولەتیدا چاودێری دەکرا و بە هاوبەشی لە لایەن حکومەتی سودان و بزوتنەوەی میللی ڕێکخرا ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ زیادبوونی پاڵپشتی سیاسەتی جیهانی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە و گەرەنتیەک بوو کەوا دڵنیایی بە باشوورییەکان دەدا حکومەتی سودان بەڵێنەکەی دەباتەسەر .

لیرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین ڕاستە ڕیفراندۆمەکەی باشووری سودان سەرکەوتوو بوو بەڵام گرنگترینی ئەو لێکەوتانەی لە ئەنجامی سەربەخۆیی باشووری سودان کەوتەوە بریتی بوو لە کێشەی زەوی و کیشانی سنوور لە گەڵ سودان بە تایبەتی لە ناوچەی ئابیێ . ئەمە جگە لە هەڵگیرسانی جەنگی ناوخۆیی لە ساڵی (2013) ( Reeve , 2012 , p.76 ) هەروەها کێشەکانی تایبەت بە نەوت و داهاتەکانی چونکە (70%) نەوتی سودان لە ناوچەکانی باشوورە بەڵام بە ناوچەکانی باکوور دا دەگەیەنرێتە بەندەر ،ئەمە جگە لە کێشەی ئاو و هەروەها باشووری سودان کێشەی ئابووری هەیە و ڕێژەی بێکاری و نەخوێندەواری و چاودێری تەندروستی لە ئاستێکی نزم دایە ، واتە لە زۆر ڕووەوە پێش سەربەخۆبوونی باشووری سودان دۆخیان باشتر بوو بە بەراورد بە پاش سەربەخۆبوون .

**سێیەم : کریمیا**

کریمیا نیمچە دورگەیەکە لە باشوری وڵاتی ئۆکرانیا ، لە سەر کەنارەکانی دەریای ڕەش . (نەخشەی 3) ، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (45-57ی باکوور) و هێڵی درێژی (6-34ی ڕۆژهەڵات) ، ڕووبەرەکەی (26200کم2) . نیمچە دورگەی کریمیا لە ڕووی مێژووییەوە بەشێک بووە لە ڕوسیا ، بۆ ماوەی(200) ساڵ . کریمیا لە ڕووی ئیدارییەوە لە ساڵی (1954) بە ئۆکرانیا بەسترایەوە . .Charron, 2016: (p.226) بە پێی سەرژمێری ساڵی (2001) نزیکەی (58%) دانیشتوانی کریمیا ڕووس بوون بەڵام ئۆکراین (24%) بوون و تەتاریش (12%) بوون. دوای دەرکەوتنی ئۆکرانیا لە ساڵی (1991) وەکوو دەوڵەتێکی سەربەخۆ ، ڕوسەکان تووشی شکستێکی جیۆپۆڵیتیکی بوون چونکە مانای زیانێکی گەورەی ئابوری بە تایبەتی کشتوکاڵی و پیشەسازی بوو بۆیان ئەمە جگە لەوەی ئۆکرانیا خاڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێپەڕینی گازی سروشتی ڕوسیا بوو بۆ ئەوروپا ، سەربەخۆبوونیشی ڕووسیای بێبەش کرد لە پێگەی زاڵی خۆی لە دەریای ڕەش چونکە ئۆدێسا دەرگایەکی زۆر گرنگ بوو بۆ ڕووسیا بە مەبەستی بازرگانیکردن لەگەڵ ئاوی دەریای ناوەڕاست و جیهان . (بريجنسکی ، 1999 ، ص81) نوخبەی ڕوسی پێیان وایە ڕۆژهەڵاتی ئۆکرانیا و نیمچە دورگەی کریمیا لە ڕووی مێژووییەوە بە شێکن لە ڕوسیا . ( Charlampowicz,2016,p.62 ) ، لە(1991/12/8 ) لە کۆبوونەوەیەک یەکێتیەکانی ڕوسیا و ئۆکرانیا و ڕوسیای سپی هەڵوەشایەوە، لەم کۆبوونەوەیە ڕوسیا شکستی هێنا لە گێڕانەوەی نیمچە دورگەی کریمیا بۆ سەر وڵاتەکەی . دوای ڕاپەڕینی خەڵکی ئۆکرانیاش لە ساڵی (2014) و لە سەر کارلادانی (ڤیکتۆر یانۆکۆفیتش)ی سەرۆک کۆمار ، ڕوسیا دەستوەردانی سەربازی کرد و بە بیانووی بوونی ڕەگەزی ڕوسی ناوچەی کریمیای داگیر کرد، (عبدالی و نیاکوئی ، 1398 ،ص702) ، و لە ڕێکەوتی( 3/16/ 2014 ) ریفراندۆمی تیادا ئەنجامدرا کە (81و36%)ی دەنگدەرە تۆمارکراوەکان بەشداریان لە ڕیفراندۆمەکە دا کرد (96و77%)یان دەنگیان بۆ بەرژەوەندی چوونە پاڵ ڕوسیا دا . (bebler,2015,p.39,42) لە ڕیفراندۆمەکە دا دوو پرسیار لە دەنگدەران کرا بوو :


١- تۆ لە گەڵ یەکگرتنی کۆماری کریمیای لە گەڵ ڕوسیا ، بەو پێیەی بەشێکە لە یەکێتی ڕوسیا ؟

٢- لایەنگری سەر لە نوێ کارکردنی بە دەستوری کۆماری کریمیای ساڵی (1992) ، بەو سیفەتەی نیمچە دورگەکە بەشێک بێت لە ئۆکرانیا .( عبدالله ، 2017 ، ل392)

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت مەبەست لە ڕیفراندۆمەکە بۆ شەرعیەت دان بەو داگیرکارییە سەربازییەی ڕووسەکان و چوونەوە پاڵی نیمچە دورگەکە بۆ سەر ڕوسیا بوو ، چونکە هێچ پرسیارێک لە ڕیفراندۆمەکە لە دەنگدەران نەکرا لە بارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نیمچە دورگەی کریمیا .

ئەنجومەنی یاسادانانی نیمچە دورگەی کریمیا دوای ڕۆژێک لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم جاڕی تاک لایەنەی سەربەخۆیدا لە ئۆکرانیا ، داوای لە وڵاتانیش کرد دان بە سەربەخۆییەکەی بنێن . , marxsen (2014,p.383)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)




نەخشەی (3) شوێنی جوگرافی کریمیا

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: Arc map GIS 10.6

پوتین لە وتارێکدا ڕاگەیاند یاسای نێودەوڵەتی گشتی هیچ دەقێکی لە بارەی ڕێگریکردن لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی تێدا نیە .(White , 2014 , p.5) ئەزموونی کریمیا ئەوەمان بۆ دەردەخات هەر کاتێک دەوڵەتانی زلهێزی جیهان بیانەوێت پاڵپشتی و دەستوەردان لە جێگایەک بکەن ئەوا بە مەنتیقی هێز کار دەکەن و لە پرسی کریمیا تەنها دەوڵەتانی کۆریای باکوور و کوبا و پۆلیڤیا و قیرغیزستان و ئەریتریا و ئەرمینیا و ئەفغانستان و کەمبۆدیا لایەنگری چوونە پاڵی کریمیا بوون بۆ سەر ڕوسیان . دادگای دەستوری ئۆکراین لە ناوەڕاستی مانگی ئادار ڕایگەیاند ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی کریمیا نادەستورییە ، لە ماددەی (92)ی دەستوری ئۆکرانیاش هاتووە ، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک لە

خاکی ئۆکراین پەیوەستە بە ڕیفراندۆمێک کە هەموو خەڵکی ئۆکرانیا بەشداری تێدا بکەن . دەوڵەتانی ڕۆژئاواش دژایەتی خۆیان بۆ ڕیفراندۆمی کریمیا دەربڕی و ڕیفراندۆمەکەشیان بە نادەستوری دانا. (زمانی و نیکویی ، 1394 ، ص257-259)

لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین لە ڕووی جیۆسیاسییەوە کریمیا ناوچەیەکی کاریگەر و هێڵی کێبرکێی ستراتیجی نێودەوڵەتیە لە نێوان جەمسەرەکانی شەڕی سارد ، لە بەر ئەوە نیمچە دورگەی کریمیا شانۆی کێشمەکێشەکانە لە نێوان هێزە کاریگەرە جیاوازەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی (ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و ڕوسیا و یەکێتی ئەوروپا) ، چونکە ڕۆژئاوا ئۆکرانیا بە ڕێڕەوێکی زیندوو بۆ دەوڵەتانی ئەوروپی دادەنێ و ڕوسیاش بیانووەکەی گەڕانەوەی مافی مێژووی خۆیەتی . ناوچەی دەریای ڕەشیش گرنگی گەورەی سەبارەت بە ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا هەیە چ وەک ناوەندێکی وزە یاخود بەستنەوەی ناوچەی بەڵکان بە ئاسیای ناوەڕاستەوە ، هەر بۆیە هەوڵی بەهێزکردنی ڕۆڵی ئۆکرانیا و گورجستان و ڕۆمانیا و بولغاریا و پەیوەست بوونیان بە ناتۆوە دەدا .(منعم و ئەوانی تر ، 1397 ، ص163) ، دەتوانین بڵێین ولایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا بە دوای ئابڵۆقەدانی ڕوسیایە ئەویش لە ڕێگای سنوردارکردنی ناوچە جێۆپۆڵیتیکیەکانی ڕوسەکان .

ڕوسیای دوای یەکێتی سۆڤیەت لە سیستەمی گۆڕاوی دوای جەنگی سارد لە هەوڵی ئەوەدایە ستراتیج و ناوچەکانی دەوروبەریی هاوشان لە گەڵ بەرژەوەندییە جیهانیەکانی خۆی پێناسە بکاتەوە .(شیخ الاسلامی و شیراوند ، 1396 ، ص90) بۆیە ڕوسیا بە کۆنترۆڵکردنی کریمیا لە دەریای ڕەشدا دەبێتە دراوسێ و ڕووبەڕووی دەوڵەتانی ئەندامی ناتۆ لە باکوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەوروپا دەبێتەوە .(حداد ، 2018 ،ص 132) ، ڕوسیا هەموو هەوڵی خۆی خستوەتە گەر بۆ ئەوەی ڕێگا لە پەیوەست بوونی ئۆکرانیا بە ناتۆ بگرێت و ئەمەشی بە هێڵی سوور ناوبردوە ، هەروەها لە دژی ڕێککەوتننامەی بازرگانی ئازادی نێوان ئۆکرانیا و یەکێتی ئەوروپایە و هەر لە سەرەتاوە ڕوسیا هەستا بە کەمکردنەوەی هاوردە لە ئۆکرانیا و هەڕەشەی بڕینی گازی دەکرد و دواتریش کریمیایان داگیر کرد .(درج و طباطبائی ، 1398 ، ص20) ، بەستنەوەی کریمیا بە ڕوسیاوە پیشاندانی ئەو هێڵی سوورە بوو ڕوسەکان چەندین جار ئۆکرانیانیان لێ ئاگادارکردبوویەوە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستییەی ڕوسیا هەوڵی ئەوە دەدا ئۆکرانیا لە هیچ هاوپەیمانیەکی سەربازی لە ناوچەکەدا بەشدار نەبێت و ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا فراوان نەبێت و هەروەها بەرژەوەندییە ئاسایشی و ئابورییەکانی ڕوسیا نەخاتە بەردەم مەترسی.

**چوارەم : کەتەلۆنیا**

هەرێمی کەتەلۆنیا دەکەوێتە باکوری خۆرهەلاتی ئیسپانیا ، لە نێوان بازنەی پانی (36-41)ی باکوور و هێڵی درێژی(39 – 2)ی ڕۆژهەڵات ،(نەخشەی 4) ، تێکڕای ڕووبەرەکەی (32)هەزارکم2 یە ، لە باکورەوە هاوسنورە لە گەڵ فەڕەنسا و ئەندۆرا لە ڕۆژهەڵاتەوە لە گەڵ دەریای ناوەڕاست و لە باشورەوە هەرێمی ڤالنسیا و لە ڕۆژئاواشەوە هاوسنورە لە گەڵ هەرێمی ئەراغۆن ، ئەم شوێنە ستراتیجیەی بووەتە هۆکاری پتەوکردنی پەیوەندیەکانی کەتەلۆنیا بە دەوڵەتانی حەوزی دەریای ناوەڕاست و دەوڵەتانی کیشوەری ئاسیا . دانیشتوانی کەتەلۆنیا لە ساڵی( 2019) دا( 7,600000) ملیۆن کەس بووە واتە بەرێژەی( ١٦٪ )ی کۆی گشتی دانیستوانی ئیسپانیا .(عرابي ، 2019)

لە سەدەی چواردەهەمی زایینیەوە کەتەلۆنیا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو، بەڵام دوای چەند سەدەیەک و لە ساڵی (1714) لە لایەن پاشای ئیسپانیاوە داگیرکراوە (Hoeks , 2016,p.36 ) مردنی جنراڵ فرانسیسکۆ لە ساڵی (1975) . (Tortella , 2017 , p.192) ، و گۆڕینی سیستەمی حوکم بۆ دیموکراتی پەرلەمانی لە ساڵی (1979) مافی ئۆتۆنۆمی بە نەتەوەکان و کەمایەتیەکان و هەرێمەکانی ئیسپانیا دا . (ستوتاح و مومو ، 2018 ، ص171) ، و لە ئەیلولی ساڵی (1997) دەسەڵاتدارێتی هەرێمی کەتەلان دروستبوو .

ناسنامەی کەتەلۆنیەکان بە تەواوی جیاوازە لە ئیسپانیا بە تایبەتی لە ڕووی زمان و کلتورەوە و سەربەخۆخوازانی هەرێمەکە ڕەتی ئەو یاسایەیان کردەوە کە حکومەتی ئیسپانیا لە ساڵی (٢٠١٢) دەریکرد. (وسطاني ، 2016 ، ص38) ، بە مەبەستی سەپاندنی زمانی کاستیلانی بە سەر خوێندنگەکانی هەرێمەکە (Cetrà , 2019 , p.88) لێرەدا جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بەوە بکەین لە گەڵ ئەوەی حکومەتی ئیسپانیا هەوڵی دروستکردنی ناسنامەیەکی ئیسپانی یەکگرتوو دەدات بەڵام هێشتا پارچە پارچەیە و کەمایەتیەکانی ناو ئیسپانیا ڕازی نین بە ئاستی ئەو ئۆتۆنۆمیەی هەیانە . لە ڕووی ئابوورییەوە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی تاک لە کەتەلۆنیا (26,319,5) یۆرۆیە کە (20%) زیاترە

لە ناوەندی ئیسپانیا و ئابوری کەتەلۆنیاش بە پلەی سەرەکی پشت بە پیشەسازی دەبەستێت ، پشکی پیشەسازیش لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی(4%) زیاترە لە ئیسپانیا .(Castells,2014,p.278 )، ساڵی (2009) رێژەی ئەو کەتەلۆنیانەی پاڵپشتیان لە جیابوونەوە دەکرد (19%) بوو بەڵام لە ساڵی (2010) هەڵکشا بۆ (23%) و لە ساڵی (2015) بوو بە (39%) ی کۆی دانیشتوان .(امزیان ، 2016 ، ص114) ، لە (2015/10/27) پەرلەمانی بەرشەلۆنە دۆکیومێنتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی پەسەند کرد و (72) ئەندام دەنگیان بۆ دا و (2017/10/1)یان وەکوو رێکەوتی ریفراندۆم دەستنیشان کرد هەرچەندە دادگای باڵای ئیسپانی دژی بوو و ئەنجامەکەی هەڵوەشاندەوە و هەر هەوڵدانێکیشی بۆ سەربەخۆیی بە نادەستوری لە قەڵەمدا .( عبدالله ، 2017 ، ل303) ، ئەو پرسیارەشی لە ریفراندۆمەکە دا داوای لە دەنگدەرانکرا بوو وەڵامی بداتەوە ئەوە بوو "ئایا دەتەوێت کەتەلۆنیا دەوڵەتێکی سەربەخۆ بێت لە شێوەی کۆماردا؟(Welp, 2017 , p4 )

لەم چەند دەیەی دواییدا لە هەندێ دەوڵەتانی گەورەی ئەوروپا جیهانگیری ئابوری لە پاڵ ئاراستەیەکی بەهێزی لامەرکەزیەتی سیاسی بەدەرکەوتووە بە تایبەتی لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا و ئیسپانیا . لە ئیسپانیا دوای چەندین ساڵ لە سەقامگیری ئاشکرا پەیوەندییەکانی ئیسپانیا و کەتەلۆنیا بە کێشە دا تێدەپەڕێت بە تایبەتی لە کاریگەرییە ئابورییە سەرەکییەکانی هەردوو سیناریۆی پێکەوە مانەوە و جیابوونەوە دەکۆڵنەوە.

ساڵی (2012) کەتەلۆنیا لە ریزبەندی دوازدەهەم بوو لە نێو ئابووری یەکێتی ئەوروپا و لە پێشەوەی فنلەندا بوو.(Amat and others ,2014 , p.16 ) ، گەشەی ئابوری هەرێمەکە لە ساڵی (2017) دا (3,6%) بووە و لە ئیسپانیا (3,2%) بووە و لە ناوچەی یۆرۆ (1,6%) بووە و وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی لە هەمان ئەو ساڵەدا لە کەتەلۆنیا (60,4%) بووە کەچی لە ئیسپانیا (11%) بووە ، ئەمە جگە لەوەی گرنگترین بەندەری ئاوی ئیسپانیا و یەکەم بەندەری سەرەکی ئەوروپا لە سەر دەریای ناوەڕاست کە بەرشەلۆنەیە کەوتووەتە ئەم هەرێمە هەر بۆیە فاکتەری ئابووری لە گرنگترین فاکتەرەکانی دژایەتی ئیسپانیایە بۆ سەربەخۆیی کەتەلۆنیا .

لە ساڵی (2017) دا (18) ملیۆن گەشتیاری بیانی ڕوویان لە کەتەلۆنیا کردوە و تێکڕای ئەو پارەیەی لە هەرێمەکەدا خەرجیان کردوە (16) ملیار دۆلار بووە .(فرهادی ، 1396 ، ص115-116)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

حکومەتی ئیسپانیا ڕایگەیاند گفتوگۆ لە بارەی بڕیاردانی مافی چارەنووس بۆ هەرێمەکە ناکات لە بەر نادەستوری بوونی ئەو داوایە .(خسروی ، 1395 ،ص157) ، ساڵی (2010) دادگای دەستوری ئیسپانیا بەشێکی سیستەمی بنەڕەتی ئۆتۆنۆمی هەرێمەکەی هەڵوەشاندەوە و هەروەها لە(2014/1/9) بڕیارێکی دەرکرد کە ڕێگا نادات بە ڕێکخستنی ڕیفراندۆم بەو بیانووەی پێویستە گشت ئیسپانیەکان دەنگی لە سەر بدەن .( عبدالله ، 2017 ، ل358 و 363)




نەخشەی (4) شوێنی جوگرافی کەتەلۆنیا

سەرچاوە: توێژەر پشت بەستن بە :Arc map GIS 10.6

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین ، جووڵانەوەی جووداخوازی کەتەلۆنیا ئەم جووڵانەوەیە لە سەرەتادا سروشتێکی کولتووری - زمانەوانی و پاشان بەهۆی چەندین فاکتەرەوە سروشتێکی سیاسی

وەرگرتووە و دواجاریش گرفتی ئابووری و کێشەکانی ئابوری ئیسپانیا و سەرکەوتنی ئابوری کەتەلۆنیا و هۆکاری ئابوری بەگشتی لە سەرەکیترین پاڵنەرەکانی خواستی سەربەخۆیی خەڵکی ئەم هەرێمە بووە و لە پاڵ قەیرانی ناسنامە هەستی سەربەخۆیی و لێکترازانی وروژاندووە . حکومەتی ئیسپانیا هەستا بە چالاککردنی ماددەی (155) ی دەستور و ئۆتۆنۆمی کەتەلۆنیای هەڵپەسارد و ئەمە جگە لە کارلادانی حکومەتی کەتەلۆنیا و هەروەها هەریەکە لە دامەزراوەکانی پەرلەمان و پۆلیس و ڕاگەیاندنی فەرمی هەرێمەکەی خستە ژێر دەسەڵاتی مەدرید .(ستوتاح و مومو ، 2018 ، ص179) ، هەروەها داواکاری گشتی ئیسپانیا تۆمەتی یاخیبوون و هاندانی دژی دەوڵەتی خستەپاڵ هەندێ لە بەرپرسانی حکومی کەتەلۆنیا لە سەرووی هەموویان سەرۆکی هەرێمەکە. (Vargas , 2018 , p.2)
سەبارەت بە وەڵامی دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ حکومەتی کەتەلۆنیا ئەوا نائومێدکەر بووە . یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتەیەکگرتووەکانیش جەختیان لە سەر پابەندبوون بە دەستوری ئیسپانیا و یاسا کارپێکراوەکانی کردەوە ئەمەش وا دەرئەخات ئەم پرسە وەک بابەتێکی ناوخۆیی لەلایەن یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا تەماشا دەکرێت ، ڕاگەیاندنی کۆشکی سپی ئەوە بوو ئێمە دڵنیاین لەوەی حکومەت و خەڵکی ئیسپانیا بەپێی یاسا و دەستووری خۆیان ئەم پرسە چارەسەر دەکەن هەر بەو پێیە جەختی لەسەر گرنگی ڕێزگرتن لە دەستوور کردەوە.( Welp, 2017 , p.29-30 ) ، سەبارەت بە ڕوسیا ڕایگەیاند ئەمە بابەتێکی ناوخۆیی ئیسپانیایە و ڕێز لە سەروەری ئیسپانیا و یەکێتی خاکەکەی دەگرین .(ستوتاح و مومو ، ٢٠١٧ ، ل١٨٥)
لە ڕاستییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین هەڵوێستی هەریەکە لە یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و پشتگیری نەکردنیان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا پەیوەندی بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانیانەوە هەیە لە گەڵ ئیسپانیا هەروەها نەیاندەویست بە پشتگیریکردنی کەتەلۆنیا هانی جووڵانەوە نەژادیەکانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپا بدەن.

## پێنجەم : هەرێمی کیوبیک

هەرێمی کیوبیک دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کەنەدا تاکوو ئیستا دوو ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی تێدا ئەنجامدراوە یەکەمیان لە(1980/5/20) بوو کە ڕێژەی دەنگدەران (85,6%) بوو (40,44%) دەنگیان بە بەڵێ دا و (59,56%) دەنگیان بە نەخێر بوو بەڵام لە (1995/10/30 ) دووەم ڕیفراندۆمی تێدا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەنجامدرا . (beaulieu , 2006 , p.622) ڕێژەی دەنگدەرانی ئەم جارە (93,52%) بوو (49,4%) دەنگیان بە بەڵێ بوو بەڵام دەنگی نەخێر (50,6٪) بوو .(feaver ,1996,p48 ) ، سەرکەوتنی پارتی کیوبیکیش لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (1994) دا هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ هەڵکشانی ڕێژەی دەنگدەرانی بەڵێ .( pai , 1996 , p.2796 ) .

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین خواستی جیابوونەوەی هەرێمەکە دوای دوو جار لە شکستی دەنگی بەڵێ بەڵام هێشتا ئەم خواستە هەر ماوە ، هەر بۆیە حکومەتی کەنەدا ساڵانە دەیان هەزار پەنابەر وەردەگرێت و زۆربەشیان لە کیوبیک نیشتەجێ دەکات بە مەبەستی ئەوەی ڕێژەی دەنگدەرانی نەخێر لە بەرامبەر دەنگدەرانی بەڵێ زیاد بکەن چوونکە جیابوونەوەی کیوبیک زیانی زۆر لە کەنەدا دەدا بە تایبەتی لە ڕووی ئابووریەوە.

**شەشەم : سکۆتلەندا**

سکۆتلەندا یەکیکە لەو چوار دەوڵەتەی کە شانشینی بەریتانیا دروست دەکات و دەکەوێتە بەشەکانی باکووری .سکۆتلەندییەکان نە داگیرکراون و نە کۆڵۆنی بوون .(mason,2013,p.140) ، بەڵکوو تا (1707/5/1) سەربەخۆ بوون بەڵام لەو ڕێکەوتەوە یاسای یەکگرتن لە نێوان ئینگلتەرا و سکۆتلەندا پەسەند کرا و شانشینی بەریتانیای مەزن دامەزرا . (crowford , boyle , 2013 ) ، لیژنەی شانشینیش بۆ کاروباری سکۆتلەندا دانی بەوە ناوە سکۆتلەندا دەوڵەتێکە ئارەزوومەندانە وەک هاوبەش نەوەک پاشکۆ چووەتە نێو یەکێتی لە گەڵ ئینگلتەرا.(Duclos , 2014 , p.5 ) پارتی نیشتمانی سکۆتلەندیش کە لە ساڵی (1934)ەوە دامەزرابوو بە بەردەوام بانگەشەی سەربەخۆیی دەکرد لە ئێستا دا زیاتر گەشەی سەندووە . (patrick , 2016 , p.201 ) و دوای سەرکەوتنی پیشەسازی نەوت و گاز یش لە دەریای باکور خواستی سەربەخۆیی لە لای سکۆتلەندییەکان زیاتر بوو(Bennie , 2014 , p.2 )

هەر بۆیە پاش ماوەیەک لە دانۆستان لە نێوانیان ، حکومەتی بەریتانیا و سکۆتلەندا ڕێککەوتن لە سەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆم و ڕێکەوتی( 2014/9/18 ) ڕیفراندۆمەکە بەڕێوەچوو و نزیکەی(84,59%)ی دەنگدەران بەشداریان لە ڕیفراندۆمەکەدا کرد ، پرسیاری ڕیفراندۆمەکەش بەم شێوەیە بوو ( ئایا ڕازیت سکۆتلەندا ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ)؟ بەڵی یان نەخێر . (adam , 2014 , p57 ) ، لە ڕیفراندۆمەکەدا (55,3%)ی دەنگدەران بە نەخێر بۆ سەربەخۆیی و (44,7%)ی دەنگدەرانیش بە بەڵێ

بۆ سەربەخۆیی دەنگیاندا .( Antunes , 2015 , p.55 ). بەڵام سەرنەکەوتنی دەنگی بەڵێ لە ڕیفراندۆمەکەی سکۆتلەند نەبووەتە هۆکاری نەمانی خواستی سەربەخۆیی بەڵکوو ئەگەری دووبارەبوونەوەی هەیە .

## ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا دەگەینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

1. مافی بڕیاردانی چارەنووس مافێکی یاسایی و سروشتییە بۆ هەموو نەتەوە و گروپێک بەبێ جیاوازی، و لە یاسای نێودەوڵەتیدا جێگیر و چەسپاوە . ئەو مافە بە چەندین شێواز جێبەجێدەکرێت، و باشترین شێوازیان جێبەجێکردنیەتی بە شێوازی وەرگرتنی ڕای خەڵک و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم، بۆ ئەوەشی گەرەنتی جێبەجێکردنی هەبێت پێویست بە ڕێککەوتن لە نێوان هەر دوو لایەن و چاودێری نێودەوڵەتی دەبێت بە تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ، هیچ یاسایەکی جیهانیش نییە لە بەردەم ڕیفراندۆم دا ببێتە بەربەست ، بەڵام یاسای ناوخۆیی و دەستووری دەوڵەتان ڕێگرە ئەمە جگە لە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتان کە دەکرێ لە هەندێ دۆخ دا یارمەتیدەر بێت و لە هەندێ دۆخی دیکەش ڕێگر بن.
2. پرەنسیپی مافی چارەنووس زیاتر ڕوخسارێکی سیاسی هەبوو لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی تاوەکوو کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم ئینجا قۆناغی بە یاسایی کردنی دەستی پێ کرد ئەمەش پاش ئەوەی دەقنووس کرا لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان .
3. مافی بڕیاردانی چارەنووس لەسەر بنەمای پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بڕیاری ئۆرگانە سەرەکیەکانی خۆی و چەندین پەیماننامەی نێودەوڵەتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان دایناوە سەرچاوەی گرتووە ، لە گەڵ پراکتیزەکردنی زانستی و کاریگەرانەی لە لایەن گەلانی جیهانەوە ، بەڵام پراکتیزەکردنی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕوخسارێکی یاسایی وەرنەگرتووە بەڵکو لە چوارچێوەیەکی سیاسی دا ماوەتەوە چونکە دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بە پێی بەرژەوەندییە جیۆپۆلیتیکیەکانی خۆیان ئەو مافانەیان بە گەلان ڕەوا بینیوە .

4. پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنووس و ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بەشێکی سەرەکی بووە لە سیستەمی نێودەوڵەتی سەدەی (20 ، 21) ، و بنەما بووە بۆ شەپۆلی گەورە لە گەیشتنی نەتەوەکان بە مافی چارەنووسیان و دروستبوونی دەوڵەتان .
5. شوێنی ستراتیجی تەیموری خۆرهەڵات لە نێو دورگەکانی ئەندەنوسیا و لە نێو ناوچەی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا و فاکتەرە جیۆسیاسیەکان و ئەو جەنگ و توندوتیژیانەی دورگەکەی گرتبوویەوە ئەمە جگە لەو قوربانیانەی تەیمورییەکان بەخشیان فاکتەری پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بوون بۆ کێشەی تەیموری خۆرهەڵات و پشتگیری کردنیان لە سەربەخۆبوونی .
6. ڕیفراندۆمەکەی سودان لە بەر ئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا چاودێری دەکرا و بە هاوبەشی لە لایەن حکومەتی سودان و بزوتنەوەی میللی ڕێکخرا ئەمانە هەمووی هۆکار بوون بۆ زیادبوونی پاڵپشتی سیاسەتی جیهانی بۆ ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکە و گەرەنتیەک بوو کەوا دڵنیایی بە باشوورییەکان دەدا حکومەتی سودان بەڵێنەکەی دەباتەسەر .
7. کریمیا گرنگی خۆی هەیە بۆ ڕوسەکان و بەهێزکردنەوەی پێگەیان ، و کۆنترۆڵکردنی نیمچە دوورگەکەش بەهۆی گرنگی جیۆستراتیجیەکەیەوەیەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی دەریای ڕەش و دەستڕاگەیشتنیان بە بۆسفۆڕس و دەریای ناوەڕاست ، لە هەمان کاتدا لێدانێکی جیۆپۆڵێتیکی بوو بۆ هەریەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و ویلایەتەیەکگرتووەکان.
8. هەڵوێستی هەریەکە لە یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا و پشتگیری نەکردنیان لە ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کەتەلۆنیا پەیوەندی بە بەرژەوەندیە سیاسی و ئابورییەکانیانەوە هەیە لە گەڵ ئیسپانیا هەروەها نەیاندەویست بە پشتگیریکردنی کەتەلۆنیا هانی جووڵانەوە نەژادیەکانی دیکەی وڵاتانی ئەوروپا بدەن .

## ڕاسپاردە

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی باسمان کرد توێژینەوەکە کۆمەڵێك ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو:

1. گرنگی دان بەم جۆرە توێژینەوانە ، چونکە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە ڕووی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەو مافانەی کەوا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی ڕەوایەتیان پێ دراوە بۆ گەل و نەتەوەکان

2. پێویستە سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگیرێت کە لە رێگای ریفراندۆمەوە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوە .

## سەرچاوەکان:

### 1- سەرچاوە کوردییەکان :

#### أ – پەرتووک :

1- جەمال، مافی چارەنوس دانان لە بەر رۆشنایی یاسای نێو وڵاتانی هاوچەرخ، لە بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی 3ی ی .ن. ک، 1983. 2- موفیدی, سەباح، بەدەوڵەت بوون و نامێژووی نەبوون ، زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ قەیرانەکان، سلێمانی، 2018 .
2- ئیسماعیل, ئەبوبەکر ساڵح، مافی بڕیاردانی چارەنووس لە بەڵگەنامەی نەتەوەیەکگرتوەکان ، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، 2012.
3- خورشید, غازی عەلی، سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ(هەشت پەیماننامەی سەرەکی نەتەوەیەکگرتوەکان سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ، ستۆکۆڵهم، 2010.
4- ئەحمەد, سەیران تەها، توێژینەوە لە سەر مەسەلەی کورد و مافی چارەی خۆنووسین . بە بێ شوێن و ساڵی چاپ.
5- جەوهەر, سەرتیپ، حیکایەتی ریفراندۆم ، چاپی دووەم ، 2018.
6- عبداللە, خامۆش عمر، مافی چارەنووسی هەرێمی کوردستان لە ژێر رۆشنایی ئەزموونی وڵاتاندا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (27)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، 2017 .

#### ب- نامەی ماستەر:

1. مولود، شادمان حسن، مافی چارەنووس لە رۆژنامەوانی کوردی باشوری کوردستان ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی ، 2017 .

### 2-سەرچاوە عەرەبییەکان ؛

#### أ-الكتب :

1- الجبيشى, حسين على، تقرير المصير ، دار الكاتب العربى ، بدون مكان الطبع، 1967 .
2- ريكانى, عبدالله جاسم، حق الاستفتاء و تقرير المصير للشعوب في القوانين الدولية ، من مطبوعات مركز بحوث برلمان كوردستان ، العدد 17 ، مطبعة شهاب ، اربيل ، 2014 .
3- سوفي, فرست، الطبيعة القانونية لحق تقرير المصير ،(ڕيفراندۆم وەک هەنگاوی بەرایی سەربەخۆیی) ، بەشی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، هەولێر ، 2016 .
4- وهبان, أحمد، الصراعات العرقية و استقرار العالم المعاصر ، ط2 ، 1998
5- صادق, پشتيوان، نحو تأسيس دولة كوردستان، الطبعة الاولى، اربيل، 2013.

6- كوفلى, عبدالله جعفر، استفتاء اقليم كوردستان مواقف و آراء، مركز بيشكجي للدراسات الانسانية، جامعة دهوك، دهوك، 2019.
7- احمد, عبدالطيف فاروق، انفصال جنوب السودان و تاثيره على الامن القومي المصري، مكتب العربي للمعارف، 2016 .
8- احمد, الدريري محمد، الحدود الافريقية و الانفصال في القانون الدولي ، مركز الجزيرة للدراسات و دار العربية للعلوم ناشرون، بيروت، 2017.
9- رافت, اجلال و اخرون،انفصال جنوب السودان المخاطر و الفرص، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات،بيروت، 2012
10- بريجنسكي, زبغنيو،رقعة الشطرنج الكبرى السيطرة الامريكية و ما يترتب عليها جيوستراتيجيا، مركز الدراسات العسكرية، ط2، 1999.

ب – **المجلات :**

1- نومان, عصام عبدالحسين، مبدأ مونرو دراسة في تحليل المضمون (1823-1898) ، مجلة العلوم الانسانية ، المجلد 23 ، العدد الاول ، اذار 2016 .
2- مصطفى, بژار محمد طاهر، الاستفتاء كوسيلة سلمية لممارسة حق تقرير المصير ، مجلة الفنون و الادب و علوم الانسانيات و الاجتماع، عدد 36، مارس 2019.
3- عودة, فلة عربي، مرجعية وتطور مبدأ حق الشعوب المستعمرة في تقرير المصير ، مجلة آفاق علمية، المجلد : 12العدد03 :السنة 2020
4- احمد علي خليل، استقلال تيمور الشرقيةومستقبل الوحدة الوطنية الاندونسية ، مجــلة جــامعـــة كـركوك للدراسات الإنسانية،العدد1،المجلد4،السنةالرابعة،2009.
5- جمعة, لؤي ثجيل، ثورة القرنفل البرتغالية و اثرها في نمو الحركة الوطنية في تيمور الشرقية 25 نيسان 1974-11اب 1975 ،مجلة ابحاث البصرة (العلوم الانسانية) ، المجلد 38 ، العدد 3 ، السنة 2013 .
6- جدوع, محمد جبار ، دور عمليات حفظ السلام الدولية في تسوية النزاعات المسلحة الداخلية ،مجلة مركز الدراسات الكوفة ، العدد38 ، 2015 .
7- الامارة, ابراهيم فنجان و محسن, كاظم هيلان، الاحتلال الاندنوسي لتيمور الشرقية و اهم المواقف الدولية منه (1974-1976) ، مجلة ابحاث البصرة ، العلوم الانسانية ، المجلد :37 ، العدد 1 ، 2012 .
8- ابتسام محمد العامري ، تيمور الشرقية دراسة في تطورات السياسية بعد استقلال ، مجلة المستنصرية للدراسات الدولية و العربية ، العدد52 .
9- العذاري, تغريد رامز هاشم، الحدود السياسية بين السودان ودولة جنوب السودان دراسة في الجغرافية السياسية ، مجلة العلوم الانسانية /عدد خاص بالمؤتمر العلمي الرابع لكلية التربية للعلوم الانسانية، 2013
10- السعدي ,نبهان زمبور،الابعاد الجيوسياسية للنزاعات في جمهورية السودان، مجلة الدراسات التاريخية و الحضارية، المجلد 11، 2020
11- طوزان, أحمد محمد، التحول في المفهوم القانوني لحق تقرير المصير بين تحقيق الاستقلال والانفصال مع دراسة تطبيقية لحالة انفصال جنوب السودان) ، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية ، المجلد ٢٩ ، العددالثالث و 2013 .
12- حداد، أسماء، روسيا و التداعيات الجيوسياسية لأزمة القرم في ظل التنافس الدولي على أوراسيا ، المجلة المعيار في الحقوق و العلوم السياسية و الاقتصادية ، مجلة دورية محكة ، اصدارات المركز الجامعي تيسمسيلت ، المجلد التاسع ، العدد 4 ، الجزائر ، 2018 .

**ج- الرسائل :**

1- أمزيان, سلاماني محمد ، تأثير التجربة التكاملية للإتحاد الأوروبي على الحركة القومية الكتالونية ما بعد نهاية الحرب الباردة ، رساله ماجستير, كلية الحقوق والعلوم السياسية ، جامعة مولود معمري- تيزي وزو، 2016 .

2- ستوتاح, فاطمة و مومو, نوال ، ازمة الهوية ما بعد الحرب الباردة دراسة مقارنة بين الاقليمي : اقليم كوردستان العراق و اقليم كتالونيا اسبانيا (1991-2017) ، رساله ماجستير ، كليه الحقوق و العلوم السياسيه ، جامعة مولود معمري -تيزي وزو، 2018 .

د- المواقع الكترونية :

1- عرابي، ايناس ، اقليم كاتولونيا .. تركيبة سكانية متنوعة ،العين الاخبارية ، 2019/10/20 .https://al-ain.com/article/catalonia-population

### 3- سەرچاوە فارسییەکان :

#### أ- شريه :

1-خرازيان، مهناز اخوان، تحول حق تعيين سرنوشت در چارچوب ملل متحد ، مجله حقوقى ، نشريه مركز امور حقوقى بين المللى معاونت حقوقى و امور مجلس رياست جمهورى ، شماره سى و ششم ، 1386 .

#### ب- مجله :

1-لاليمى, مرتضى اكبر، اجراى حق تعيين سرنوشت ، تقابل حقوق بشر با حاكميت دولتها ، مجله حقوقى دادگسترى ، سال هشتادم ، شماره نود و ششم ، 1395 .

#### ج- فصلنامه :

1-زمانى, مسعود و نيكويى, مجيد، حق تعيين سرنوشت: بررسي جدايي كريمه از اوكراين از منظر حقوق بينالملل و حقوق داخلى ، فصلنامه تحقيقات حقوقي شماره 73 ، 1394 .

2-منعم, روح اله و نشين, ارسلان قربانى شيخ و سيمبر, رضا ، نفوذ روسيه و چالش هژمونى غرب در حوزه درياى سياه ، فصلنامه مطالعات روابط بين الملل، سال يازدهم، شماره 42،تابستان 1397 .

3-الاسلامى، محمد حسن شيخ و شيراوند، صارم ، تاثير تحولات ژئوپليتيک اوکراين بر امنيت روسيه از منظر ژئوپليتيک انتقادي ، فصلنامه آسياي مرکزي و قفقاز، شماره 99 ، پاييز 1396.

4-درج، حميد و طباطبائى، سيد محمد ، نقش ژئوپليتيكى اوكراين در تقابل نوين امريكا و روسيه ، فصلنامه ژئوپليتيک ، سال پانزدهم ، شماره دوم ، 1398 .

5-فرهادى, محمد ، تبيين اقتصادى جدايى طلبى كاتالونيا از اسپانيا بر مبناى رويكرد انتخاب عقلانى ، فصلنامه رهيافت هاى سياسى و بين المللى ، سال نهم ، شماره 2 ، زمستان 1396 .

6-عليرضا, خسروى ، تمايلات جدايى طلبانه در اروپا: ريشه ها و روندها ، فصلنامه مطالعات راهبردى سياست گذارى عمومى، دوره ششم،شماره 21 ، زمستان 1395 .

### 4- سەرچاوە ئینگیزییەکان :

1. ENCYCLOPÆDIA concise BRITANNICA, INC , 2006 .
2. Miller, Betty, The United States and National Self- Determination A Wilsonian persepective , Unterberger Source : Presidential studies Quarterly ,fall,1996,vol,No.4, intricacies of u.s ,published by : wiley on behalf of the center for the presidency and congress.
3. Charlampowicz, Marzena, The Right to Self-determination and the Principle of Territorial Integrity of States: In Search of Reconciliation. From Kosovo to Crimea Patrycja, Institute of Graduate Studies and Research in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts in International Relations Eastern Mediterranean University, Famagusta, North Cyprus, October 2016

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4. THRONTVEIT, TRYGVE, The Fable of the Fourteen Points: Woodrow Wilson and National Self-Determination , Source: Diplomatic History , JUNE 2011, Vol. 35, No. 3 (JUNE 2011), pp. 445-481 , Oxford journals, Published by: Oxford University Press .
5. Heater, Derek, National Self-Determination Woodrow Wilson and his Legacy , ST. MARTIN'S press , new York , 1994 .
6. Pedersen ,Susan, The GuaRdians the league of nations and the crisis of empire , Oxford University Press , new York , 2015.
7. Beitz,Charles. R ., Political Theory and International Relations , published by : Princeton University Press,July,2000 .
8. Brad, Simpson, The Many Meaning Of National Self – Determination , Social Science Premiumcollection , Nov2014 .
9. Mulle, Emmanuel Dalle, New Trends In Justifications For National Self – Determination : Evidence From Scotland and Flanders , Ethnopolitics , 2016 , Vol.15 .
10. Sterio , Milena, The Right to SelfDetermination under International Law “Selfi stans,” secession, and the rule of the great powers , published by Routledge , London , 2013 .
11. Armstrong, Chris, National Self – Determination, Global Equality and Moral Arbitrariness, The Journal Of Political Philosophy : Volume 18 , Number 3 , 2010.
12. Jr, Frederic L. Kirgis, , The Degrees of Self-Determination in the United Nations Era, *The American Journal of International Law* , Apr., 1994, Vol. 88, No. 2 (Apr., 1994), pp. 304-310, Published by: Cambridge University Press.
13. Mulle, Emmanuel Dalle, New Trends In Justifications For National Self – Determination : Evidence From Scotland and Flanders , Ethnopolitics , 2016 , Vol.15 .
14. Vezbergaite, Ieva, remedial secession as an exercise of the right to self-determination of peoples ,legal studies department ,central puropean university,the degree of llm in human rights,Budapest ,hungary,2011
15. Setala,MaijaTalvikki, THEORIES OF REFERENDUM AND THE ANALYSIS OF AGENDA-SETTING , Thesis submitted for the PhD-degree , The London School of Economics and Political Science , 1997 .
16. Tierney, Stephen, constitutional referendums , the theory and practice of republican deliberation , oxford university press , united kingdom , 2012 .
17. Semetko, Claes h. de vreese and holli a ., political campaigning in referendums , framing the referendum issue , routledge taylor and francis group , new York , 2004 .
18. Dean lacy and emerson m.s.niou , a problem with referendums , 1998 . qvortrup, matt, referendums and ethnic conflict , university of pennsylvania press , Philadelphia , 2014.
19. Matthew, Mendelsohn and Parkin, Andrew, Referendum democracy : citizens , elites , and deliberation in referendum campaigns , New York : Palgrave, 2001.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

20. S¸en, I ˙lker Go¨khan, Sovereignty Referendums in International and Constitutional Law , Springer International Publishing Switzerland 2015 .
21. Qvortrup, Matt,Referendums Around the World ,Springer International Publishing AG ,Switzerland, 2018
22. Haklai, Oded, From Independent Statehood to Minority Rights : The Evolution of National Self – Determination as an International Order Principle in the Post – state Formation Era , Ethnopolitics , 2015 , Vol .14 , NO .
23. Ongge, Omi, DID UN PROMOTE THE RIGHT TO SELFDETERMINATION TO THE PEOPLE IN EAST TIMOR? European Scientific Journal , June 2015.
24. Dobbins, James, Laurel E. Miller, Stephanie Pezard, Christopher S. Chivvis, Julie E. Taylor, Keith Crane, Calin Trenkov-Wermuth and Tewodaj Mengistu, Chapter Title: EastTimor, Book Title: Overcoming Obstacles to PeaceBook Subtitle: Local Factors in Nation-Building , Published by: RAND Corporation.
25. White, Hugh, The Road to INTERFET: Reflections on Australian Strategic Decisions Concerning EastTimor, December 1998-September 1999: Security Challenges , Autumn 2008, Vol. 4, No. 1 (Autumn 2008), Published by: Institute for Regional Security.
26. Lloyd, Grayson J., Chapter Title: The diplomacy on East Timor: Indonesia, the United Nations and the international community Book Title: Out of the Ashes Book Subtitle: Destruction and Reconstruction of East Timor Book Editor(s): James J. Fox and Dionisio Babo Soares Published by: ANU Press.
27. Dobbins, James, Miller, Laurel E., Stephanie Pezard, Christopher S.Chivvis, Julie E. Taylor, Keith Crane, Calin Trenkov-Wermuth and Tewodaj Mengistu, Chapter Title: East Timor , Book Title: Overcoming Obstacles to Peace Book Subtitle: Local Factors in Nation-Building , Published by: RAND Corporation.
28. Paul, Christopher, Clarke, Colin P., Beth Grill and Molly Dunigan Chapter Title: Indonesia (East Timor), 1975–2000 Case Outcome: COIN Loss Book Title: Paths to Victory Book Subtitle: Detailed Insurgency Case Studies, Published by: RAND Corporation.
29. Weitz, Richard, Report Part Title: U.S. DECISIONMAKING REGARDING EAST TIMOR, 1999 Report Title: CASE STUDIES WORKING GROUP REPORT , Strategic Studies Institute, US Army War College (2012), U.S. DECISIONMAKING REGARDING EAST TIMOR, 1999.
30. Glenn, Russell w ., Supporting Case Studies: East Timor and the Balkans Book Title:Band of Brothers or Dysfunctional Family? Book Subtitle: A MilitaryPerspective on Coalition Challenges During Stability Operations Published by: RAND Corporation.
31. Wassel,James Scambary and Todd, Hybrid Peacebuilding in Hybrid Communities: A Case Study of East Timor , Book Title: Hybridity on the Ground in Peacebuilding and Development, Book Subtitle: Critical Conversations , Book Editor(s): JOANNE WALLIS, LIA KENT, MIRANDA FORSYTH, SINCLAIR DINNEN and SRINJOY BOSE, Published by: ANU Press.

32. Lloyd, Grayson J.,The diplomacy on East Timor: Indonesia, the United Nations and the international community Book Title: Out of the Ashes Book Subtitle: Destruction and Reconstruction of East Timor Book Editor(s): James J. Fox and Dionisio Babo Soares Published by: ANU Press.
33. Haseman,John B., East Timor: the misuse of military power and misplaced military pride , Book Title: Out of the Ashes , Book Subtitle: Destruction and Reconstruction of East Timor , Book Editor(s): James J. Fox and Dionisio Babo Soares Published by: ANU Press.
34. Zambakari, Christopher, POST-REFERENDUM SUDAN: THE NATIONBUILDING PROJECT AND ITS CHALLENGES, Rutgers Journal of Law & Public PolicyVol 9:3Spring 2012.
35. Johnson, hilde f., South Sudan: The Untold Story from Independence to Civil War , I.B.Tauris & Co. Ltd , London • New York , 2016.
36. Salman, M. A. Salman , South Sudan Road to Independence: Broken Promises and Lost Opportunities , Global Business & Development Law Journal , Vol. 26 , issue 2,2013 .
37. Marzatico , SOUTHERN SUDAN REFERENDUM ON SELF-DETERMINATION, Legal Challenges and Procedural Solutions , JourNAl of AfricAN electioNs , volume 10 , no1 .
38. DOUGLAS H. JOHNSON ,Federalism in the history of South Sudanese political thought, RIFT VALLEY INSTITUTE RESEARCH PAPER 1, Nairobi, Kenya , 2014 .
39. Grawert, Elke and Andrä, Christine, Oil Investment and Conflict in Upper Nile State, South Sudan , bonn international center for conversion, 2013.
40. Bereketeab, Redie, self-Determination and secessionism in somaliland and south sudan challenges to Postcolonial state-building , nordiska afrikainstitutet, uppsala 2012.
41. Malwal, Bona, Sudan and South Sudan From One to Two , PALGRAVE MACMILLAN , 2015.
42. LeRICHE, MATTHEW and ARNOLD, MATTHEW, South Sudan From Revolution to Independence , Oxford University Press, Inc , United Kingdom ,2012.
43. Reeve, Richard, Peace and conflict assessment of south sudan 2012 , international alert , 2012 .
Charron, Slavica Austin, Russia's Regional Identities and Initiatives, 2016, Vol. 5, No2.
44. Charlampowicz, Marzena, The Right to Self-determination and the Principle of Territorial Integrity of States: In Search of Reconciliation. From Kosovo to Crimea Patrycja, Institute of Graduate Studies and Research in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Arts in International Relations Eastern Mediterranean University, Famagusta, North Cyprus, October 2016 .
45. bebler A,nton, crimea and the Russian – Ukrainian conflict , Romanian journal of European affairs , vol .15 . no .1 , march 2015 .
46. Marxsen, Christian, The Crimea Crisis An International Law Perspective , ZaöRV 74 (2014) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

47. White, William W. Burke-, Crimea and the International Legal Order, University of Pennsylvania law school , 2014 .
48. Hoeks , Kim, The Future of Catalonia , Masterthesis 'Conflicts, Territories and Identities, Radboud University Nijmegen , 2016 .
49. Tortella, Gabriel,Catalonia in Spain History and Myth , Palgrave Studies in Economic History , 2017.
Cetrà, Daniel, Nationalism, Liberalism and Language in Catalonia and Flanders , Palgrave Macmillan ,Switzerland,2019.
Castells, Antoni, Catalonia and Spain at the crossroads: financial and economic aspects, Oxford Review of Economic Policy, SUMMER 2014, Vol. 30, No. 2, SCOTLAND AND SMALL COUNTRY INDEPENDENCE (SUMMER 2014), Published by: Oxford University Press.
50. Welp, Yanina, The Catalan Independence referendum: An assessment of the process of selfdetermination, University of Zurich,2017 .
51. Amat, Oriol and others , The Economy of Catalonia , gura Comissió d'Economia Catalana , 2014 .
52. Vargas, Michael A., Constructing Catalan Identity Memory, Imagination, and the Medieval , Palgrave Macmillan , 2018 .
53. Welp, Yanina, The Catalan Independence referendum: An assessment of the process of selfdetermination, UniversityofZurich,2017.
54. Beaulieu, Marie-Claude, Jean-Claude Cosset and Essaddam, Naceur, Political Uncertainty and Stock Market Returns: The Evidence from the 1995 Quebec Referendum, Source: Canadian Journal of Economics / Revue canadienne d'Economique , May, 2006, Vol. 39, No. 2 (May, 2006), pp. 621-641, Published by: Wiley on behalf of the Canadian Economics.
55. Feaver, George, Canadian Political Miscalculation? Quebec's Referendum 95 Source: GovernmentandOpposition, WINTER 1996, Vol. 31, No. 1 (WINTER 1996), pp. 45-61, Published by: Cambridge University Press.
56. Pai, Sudha, Quebec Separatism: October Referendum and Beyond , Source: Economic and Political Weekly , Oct. 12-19, 1996, Vol. 31, No. 41/42 (Oct. 12-19, 1996), pp. 2796-2798, Published by: Economic and Political Weekly.
57. Mason, Roger, Dis-United Kingdoms? What Lies Behind Scotland's Referendum on Independence , Georgetown Journal of International Affairs , Summer/Fall 2013, Vol. 14, No. 2 (Summer/Fall 2013), Published by: Georgetown University Press .
58. Crowford, James, boyle, alan, annex a opinion referendum on the independence of Scotland , 2013 .
59. Duclos, Nathalie, The Strange Case of the Scottish Independence Referendum. Some Elements of Comparison between the Scottish and Catalan Cases French Journal of British Studies , Revue Française de Civilisation Britannique[Online], XX-2 | 2015, Online since

23 July 2015, connection on 19 April 2019. URL : http:// journals.openedition.org/rfcb/384 ; DOI : 10.4000/rfcb.384.
60. Patrick , Tomas Y., Te Zeitgeist of Secession Amidst the March Towards Unifcation: Scotland, Catalonia, and the Future of the European Union , boston college international , and comparative , law review , volume 39 , issue 1, 2016 .
61. Bennie, Lynn, Scotland's Independence Referendum:: Autonomy and Social Justice , European Centre for International Affairs , 2014 .
62. Adam , Elisenda Casanas, Self-determination and the Use of Referendums: the Case of Scotland , International Journal of Politics, Culture, and Society , March, 2014, Vol. 27, No. 1 (March, 2014) , published by springer .

## الملخص

كان حق الشعوب في تقرير المصير من الحقوق الأساسية التي اتفق عليها المجتمع الدولي إبان نشوء حركات التحرر والثورات المطالبة بالاستقلال ، وبالتالي أصبح الأساس القانوني للتركيز على الدول والشعوب التي تبرر ذلك. نضالهم المشروع ومقاومتهم لقوى الاستعمار والاحتلال. بسبب التطورات والأحداث التي شهدها العالم والنتائج التي أدت إلى ذلك ، فإن حق تقرير المصير له معنى مخالف لما جاء به في الأصل وهو التخلص من السيطرة الاستعمارية وهو حق الانفصال. عن الدولة الأم من خلال تبرير منح الأقليات في الدولة حق الانفصال. وتشكيل دولة لهم. من الأساليب السلمية التي يلجأ إليها الناس في تقرير مصيرهم الاستفتاء المباشر ، حيث نتناولها في دراستنا من خلال عرض تجارب الدول في الاستقلال من خلال الاستفتاء. ولأهمية هذا الموضوع وعلى ضوء أهداف هذه الدراسة، تم تبييب الدراسة الى عدة محاور: يتناول المحور الأول مدخلا إلى الدراسة، والمحور الثاني يتناول مفهوم مصطلح حق تقرير المصير، وفي المحور الثالث تم تناول موضوع الاستفتاء وانعكاسات الاستقلال على ضوء التجارب الدولية، وفي النهاية تم عرض مجموعة من الاستنتاجات والمقترحات التي توصل إليها الباحث. مفتاح كلمة. حق التقرير المصير, الأتفاقيات الدولية, القانون الدولي , الأستفتاء , تجربة الدول.

# The Right To Self-Determination Of Peoples, Referendum Experiences As A Model

**Prof. Dr. Sleman Abdullah Ismael**

Department of Geography, College of Art, University Of Salahadden, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sulaiman.ismail@su.edu.krd

**Sasan Hikmat Ali.**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Department of Geography. College of Art, University Of Salahadden, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
arminsasan@gmail.com

***Keywords***. *The Right Of Self Determination, International Conventions, International Law, Referendum, The Experience Of Country.*

## Abstract

The right of peoples to self-determination was considered one of the basic rights agreed upon by the international community during the emergence of liberation movements and revolutions calling for independence, and consequently it became the legal basis on which to focus on countries and peoples that justify their legitimate struggle and resistance against the forces of colonialism and occupation. Because of the developments and events that the world witnessed and the results that led to it, the right to self-determination has a meaning contrary to what it originally came with, which is to get rid of colonial control, which is the right to secede from the mother state by justifying giving minorities in the state the right to secede. And the formation of a state for them. One of the peaceful methods that people resort to in determining their destiny is direct referendum, as we address it in our study by presenting the experiences of states in independence through a referendum. . For this, the work is containing firstly, an introduction; Secondly, concepts and principles of self-determination; Thirdly, Self-determination based on principles, constitutions, and international agreements; and finally, referendum and its consequences under the light of international experiments. At the end of this work, results and recommendations will be shown.